# کێ بەرپرسە لە چی؟!

د. یوسف حەمە سالّح



قسەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت ((ئیشی هەموو کەسێکە و ئیشی هیچ کەسێك نییە)) بەپێی ئەوە، ئیشی هەموومان، لە هەموو شوێنێك و کاتێك توانایی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ خزمەتی کۆمەڵگا، لە ماڵەوە، لەسەر شەقام، لە قوتابخانە، لە دەزگاکانی تر و ئیشی هەمووشمان، ئەگەر هەڵەیەك یا ناڕێکییەکمان بینی پێویستە بەپێی توانا هەوڵبدەین راستی بکەینەوە، ئەگەر نەمانتوانی ئەوا دەنگی رەخنەی دڵسۆزانە بەرزدەکەینەوە، ئەم هەڵوێستە هەستێکی بەرزە لە بەرپرسیاریەتی و هەر ئەو هەستەیە گیانی هاولاّتی دروست دەکات لای تاکەکانی کۆمەڵگا و ئەمەش لە ئەنجامدا دەڕواتە خزمەتی رووباری بەرژەوەندی گشتی، کە ئەم بەرژەوەندیە بەڕۆڵی خۆیەوە دەگاتە خزمەتی لق و بەشەکانی ئەو رووبارە کە تاکەکانە و بەرژوەندیە تایبەتیەکان، ئەنجامدانی هەموو جۆرێك لە بەرژەوەندی گشتی خزمەتێکی یەکسانییە بۆ بەرژەوەندیە تایبەتییەکان، بەلاّم ئەنجامدانی بەرژەوەندی تایبەتی تەنها خزمەتی خاوەنەکەی دەکات، لەوانەشە زیانێکی زۆر یا، کەم بگەیەنێتە کۆمەڵ بە گشتی. هەستکردن بە بەرپرسیارێتی دروست نابێت بەپێی پەروەردە و دروستبوونی هوشیاری، سەرچاوەی ئەو دروستبوونە ئەو کۆمەڵە و دەزگایانەیە، کە ئەندامەکان لە خۆیان دەگرن، وەك خێزان و قوتابخانە و رێکخراوەکان و حیزبەکان... هتد، بەداخەوە ئەوەی دەیبینین لە کۆمەڵگاکەمان و لەسەر هەموو ئاستەکان جۆرێکی دیاریکراو لە خۆپەرستی و ڕاکردنە بەدوای سوودە تایبەتیەکان و ئەم هەڵپەیە پاساو بۆ هەموو جۆرە ڕەوشتێکی ڕەوا و ناڕەوا دێنێتەوە لای خاوەنەکانی کە هەمیشە ئەوانە دروشمن ((هەر خۆمان، هەر بۆخۆمان)) ئیتر ئەوانیتر بۆ دۆزەخ، ئەم نەریتە تەنانەت لەو خاڵەدا ناوەستێتەوە، بەڵکو زۆر کاری خراپی تری لێ دەوەشێتەوە وەك چاوپۆشی لە هەڵەکان و مل شکاندنی دەوروبەر و درۆ و دزی و پاساوی نابەجێ بۆ کەمو کورتیەکان و بێزاری و دەربڕینی بێزاری لە رەخنەکان و گەورەکردنی خاڵە باشەکان و زیادەڕۆیی لە باسکردنیان بۆ خەڵك و بەرپرسانی سەرووتر، ئەمیش لە ڕێگای فرت و فێڵ و چەواشەکردن.. یا ئەگەر ئەم ئامرازانە سەریان نەگرت، ئەو کاتە سیاسەتی داپۆشین بەکاردەهێنرێت، داپۆشینی کەمو کورتیەکان لەڕێگای ڕازیکردنی ئەم و ئەو ((نەك هەموو ئەم و ئەوێك!)) یاخود لە ڕێگای بلاّوکردنەوەی کەشێك لە ترس و گومان لای دەوروبەری ئەو دەزگایە بۆ ئەوەی هەر کەس بیر لە کلاّوەکەی خۆی بکاتەوە با نەیبا و هەڵگرتنی دروشمی ((ئەمە پەیوەندی بەمنەوە نیە، ئەمە کێشەی من نییە))، لە نێوان ئەم کەش و هەوایە دەنگی دڵسۆزان کز دەبێت ئەگەر هەبێت، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەك پەراوێز دەکرێن، کە نەك دەنگیان نەگات بەڵکو خۆیان نەبینرێن لەلایەن خاوەن دەسەلاّت و بڕیاردەرانە بەهۆی مافیایەك لە ماستاوکاران و مشەخۆران و هەڵپەرستان، باشترین نموونە کە ئەمڕۆ لە واقیعدا دەیبینین، ئەم هەموو گەندەڵی و کەموکورتیە، کێ دروستی کردووە و کێ بەرپرسە لێی؟ کێ سزا درا لەسەری و کێ لابرا؟ کێ دەستی خۆی کێشایەوە لە کارەکەی؟ دەم کوتکردنی ئەم ناڕەزاییانە زۆر ئاسانە بەوەی زۆر شتی باش کراوە بۆ باسی ئەوانە ناکرێن، وابزانم لە زۆربەی بۆنەکان باس کراون و دەستخۆشیان لێ کراوە، بەلاّم ئەگەر ئەو کەمو کورتیانە نەبوونایە ((کە بەدەستی خۆمان بوو)) ئەوا شتی باشتر دەکرا، هەروەها کە شتی باش دەکرێت مانای ئەوە نییە ئەبێت لە پاڵیا شتی خراپیش بکرێت و چاوپۆشی لێبکرێت، بەم شێوەیە هەنگاوێك دەچینە پێشەوەو سێ هەنگاو بۆ دواوە، بەپێی ئەم هاوسەنگیە کۆمەڵگا هەمیشە بەرەو گەشەسەندن و پێشەوە ناڕوات و هەرگیز ناگەینە ئاستێکی باش لە پێشکەوتنی میللەتانی جیهان.

ئەگەر هەموومان لەسەرەوە تا خوارەوە خۆمان بە بەرپرس دابنێین لە هەموو شتێکی باش و خراپ، ئەوا دەتوانین باشەکە باشتربکەین و خراپەکەش چارەسەر بکەین و ئەگەر بەم شێوازەی ئێستا لێخوڕین، ئەوا هیچمان بۆ ناکرێت لەبەر ئەوە کەس خۆی بە بەرپرس ناکات بۆ هیچ شتێك و کێشەکانیش وەك خۆیان نامێننەوە، بەڵکو زیاتر و ئاڵۆزتر دەبن و ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندی کەس نابێت.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا پێویستیمان بە شۆڕشێکی هێمنانەیە کە لە مرۆڤەوە دەستی پێ بکەین، مرۆڤی ئێکسپایەر ڕۆڵیان تەواو، پێویستە ڕۆڵ بە مرۆڤی چاك و بەتوانا و دڵسۆز بدرێت و بزانین ئەو کاتە کێ بەرپرسە لە چی؟ دەبێت پەلە بکەین لەبەر ئەوەی کات لەبەرژەوەندی ئێمە نییە و مێژووش بەزەیی بەکەس دانایەتەوە.



لەیلا ئاکرەیی

# سیستمەك شارستانی ژبۆ پەروەردیێ

قوتابخانە یێك ژ دەزگەهێن هەری گرنگێن جڤاکیێ یە کو ل سەر دروست کرنا کەساتیا مرۆڤان گرنگیەکا مەزن هەیە و دشێین بێژین لدیڤ خێزانی، ب گرنگترین دەزگەهێ جڤاکی تێ هەژمارتن، کو ل سەر بنیاتا مرۆڤان رولەکێ مەزن هەیە. ب ئەگەرا پیتێن پەروەردەییێن کو ژ رژێما بەعس ڤە بۆ کوردستانێ ماینە، هەتا ئیرۆ نەشیانە سیستەمەکێ پەروەردەیی و شارستانی بۆ هەرێما کوردستانێ کار پێ بکەن، هەر ژ بەر ڤێ چەندێ یە هەتا ئیرۆ سیستەمێ خوندنێ ل قوتابخانێن دەسپێکی گوهرینێن مەزن ب سەردا نەهاتینە. قوتابخانێن دەسپێکی یێك ژوان جهێن گرنگە کو یا فەرە گوهرین ل قوتابخانێن دەسپێکی بهێتە کرن. ژ بەر کو زارۆ ئەو بەرپەرێ سپیە کو چەوا مە بڤێت دێ وەسا لێ کەین. ئەگەر ئەم شیاین ل قوتابخانێن دەسپێکی زارۆین خۆ فێری پەروەردەیەکا باش بکەین، ئەڤە پاشەڕۆژەکا رووهن مە بۆ گەلێ خۆ مسۆگەر کر. ل پشتی سەرهەلدانێ ب سەدەما رەوشا ئالۆزا عێراقێ و کوردستانێ، دەسەلاتێ سیاسی نەشیایە ئارمانجەکا وەسا بە جە بکەن، لێ بەلێ ئیرۆ دڤی سەقایێ ئازاددا، کارەکێ وەسا گرنگ، پێتڤییە د رێزا پێشیا سیاسەتا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دا بیت.

دەمەکە پرسا سیستەمێ پەروەردەیی ل کوردستانێ یێ بویە کێشەیەك ژ کێشەیێن هەری مەزن. نابێژین جهێن پەیوەندیدار چ ئاگاه ژ ڤێ کێشەیێ نینە ،لێ دووبارە دکەین کو هەتا نها رێ و جە و پرۆژێن گرنگ بۆ بنیاتنانا سیستەمێ پەروەردەیا نوی نە گەهشتینە چ ئەنجامان . یا باش ئەوە ژبۆ ئەنجامدانا سیستەمەکێ پەروەردەیێ نوی ڕۆلێ مامۆستایێن دەسپێکی ژ بەرچاڤ بهێتە گرتن. چونکی مامۆستا بێتری هەر کەسەکێ دن ئاگەه ژ گرفت و ئاریشێن قوتابیان هەیە، هەروەها بێتری هەر کەسەکێ دیژی دئاریشێن وان دگەهیت و دزانیت چەوا سیستەمەکێ پەروەردەیی دانێن. ئەرکەکێ مەزن ل سەر ملێن مامۆستایێن قوتابخانێن دەسپێکی یە، ڤێجا ژ بەر ڤێ چەندێ، ژبو بنیاتنانا سیستەمێ پەروەردەیی دڤێت هندەك ژ وان ئەرکێن گران مامۆستا رولێ خوە تێدا بگێرن. ئاڤا کرن و سەر ژنوی دروست کرنا سیستەمەکێ پەروەردەیی بەری کو پەرتووك و مەنهەج بهێتە گوهرین، شێوەیا دەوام و وانە گوتنێ و دەمێ دەوامێ ژی بێتە گوهەرتن و یا فەرە دوارێن دن ژی دە، بۆ نمونە دوارێ جڤاکی و ئابوریا وەلاتیان و مامۆستایاندا گوهرینێن دروست ببن. پشتی کو گوهرینێن ب ڤی جۆری دروست بوون، دڤێت گۆرانکاری ل سەر ژیانا مامۆستایانژی بهێتە کرن، چونکی هەتا ئیرۆ مامۆستا تەخەکا پشت گوه کرینە، هەروەسا ل ژیانا سیاسی و چڤاکی و ژیانا گشتی یا کۆمەڵگەهێ هاتینە پشت گوه کرن. دڤێت مامۆستای ژ چینەکا پشت گوه کری بکەینە تەخەك کو گوه ژ بیرو و بوچوون و پێشنیازێن وانا بێتە گرتن. ئەگەر مامۆستا هەست ب ئەرکێ خوییێ گران نەکەت کو دناڤ جڤاکیێ دا کەفتیە سەر ملی، پا دێ چەوا کاریت ب رێیەکا زانستی و شارستانی زارۆیێن نەتەوەیامە ب خودان بکەت . نابیت ب مامۆستا بهێتە دانان، هەرچەندە ژ ئالیێ هەلبەسڤانێن کلاسکی ڤە مامۆستای هەر دەم شیعر ل سەر هاتینە نڤیسین وب بلندی وەسفا مامۆستای هاتیە کرن، لێ بەلێ ل سەردەمێ رژێما بەعسا ژ ناڤچووی نە ب تەنێ مامۆستا ،بەلکی تەڤایا خەلکێ کوردستانێ و عێراقێ بێ بها کربوون ،هەر ژ بەر ڤێ چەندێ یە ئەڤ ئاریشەیا دراستا مرووڤان هاتی و د ناڤ وانژیدا مامۆستا کو دراستاڤی سیستەمێ سیاسی و ئابوری و کلتوری هاتیە هۆکارێن رژێما ژ ناڤچوویا سەدام حسێنی بوون.

# تێڕوانینی سێکسیانەی ڕەگەزی نێر بەرامبەر ڕەگەزی مێ



نیاز عەلی

بەکارێک لە گەڵ ماموٚستایەکی ئاینی دابووم، لە بەردەم دەرگای یەکێك لە هاوسێیەکانی ماموٚستا کچێك وەستا بوو، ماموٚستا دوای سەلام و نوکتەیەکی سێکسی، چوکلێتێکی پێدا و پێیگوتم ئەو کچە لەشێکی خوٚشی هەیە و جنسی لێدەبارێت. منیش گوتم ماموٚستا توٚ کەسێکی کە یەکێك لە گرنگترین وەزیفەکانت بریتیە لە هەوڵدان بوٚ نەبونی تێڕوانینێکی سێکسی، کە سەرلەبەری بینین کوٚنتڕوٚڵ بکات بوٚ کەسی بەرامبەر، چوٚن دەکرێت خوٚت بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکەی؟ لە وەلامدا گوتی توٚش وەکو کوٚمەڵگا مەبە بە چاودێر بەسەرمەوە.

یەکێك لەو دیاردە و کێشە کوٚمەڵایەتیانەی، کە کوٚمەڵگای کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بریتییە لە بوونی جیاوازیە کوٚمەڵایەتییەکان لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، لە پاڵ ئەم دیاردەیەش چەندین فاکتەری جوٚراو جوٚر ئامادەن، یەکێك لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان وێناکردنی سێکسیانەی ڕەگەزی مێیە. واتا بەهوٚی ئەو جیاوازیە بایوٚلوٚژیانەی ڕەگەزی مێ جیادەکاتەوە لە ڕەگەزی نێر، کوٚمەڵگا تێڕوانینێکی سێکسی ڕووتی بوٚ ڕەگەزی مێ هەیە، کە بێگومان لە پاڵ ئەم دیاردەیەش چەندین هوٚکاری کوٚمەڵایەتی، ئاینی و سیاسی ئامادەگیان هەیە.

وەك یەك سەیر نەکردنی جەستەی ئافرەت و پیاو، حەرامکردنی جەستەی مێ لە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری کوٚمەڵایەتی و کولتوری و ئاینی، بە بەهانەی ڕێز و حورمەت دانان بوٚ ئافرەت، وێناکردنی جەستەی ڕەگەزی مێ بە شەرەف و ئابڕوی کوٚمەڵایەتی، کە هەڵقوڵاوی کولتوری پیاوسالاری و داب و نەریتە کوٚمەڵایەتیەکانی کوٚمەڵگای دواکەوتون و لە خزمەت پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتی کوٚنخوازی و باڵادەستی ڕەگەزی نێر و گروٚیەکی تایبەتی کوٚمەڵگا دان. سەرەنجام هاتنە کایەی بارودوٚخێکی کوٚمەڵایەتی، تیایدا سەرجەمی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزکە، جوٚرێك لە نائاشنایی مروٚیی و خودی بەرامبەر یەکتری بهێنێتە دی، شەرم و عەیبە گرنگترین سنورەکانی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان بێت، بەشداری نەکردنی هاوبەشیان کاریگەرترین لایەنی نێگەتیڤ بێت لە پروٚسەکانی هوشیاری و بەتواناکردن و خود پێگەیاندن، ئیرادە و ئازادیە تاکە کەسیەکان ڕوٚڵی سەرەکی و پڕ بەیەخیان لە پەیوەندی و تێڕوانینی نێوان ڕەگەزەکاندا دەرنەکەوێت، ناموٚیی نێوانیان بگاتە پلەیەك، کە دواتر ببێتە دەرەنجامی بینینێکی نامروٚیی و مادیانەی ئەوی تر، وێناکردنێکی سێکسی زاڵ بێت بەسەر کوٚی ڕەهەند و بنەما مروٚیی و ژیاریەکان.

ئەگەر سەرنج بدەین بەڕوونی دیاردەی تێڕوانینێکی سێکسیانە بەدی دەکەین، بەتایبەت لە لایەن ڕەگەزی نێر لە بەرامبەر ڕەگەزی مێ، ڕوٚژانە ئێمە لە چوارچێوەی کاروچالاکیەکانمان، لە شوێنە گشتیەکان دەبینین، کە تێڕوانینی سێکسیانە لە بەدیکردنی ڕەگەزی مێ چەندە زاڵە، دەبینین فەرمانبەرێك لە فەرمانگەیەکی حکومیدا، دوای سەردانیکردنی ئافرەتێك بوٚ جێبەجێکردنی کارەکانی چوٚن توشی باسکردن و پیاهەڵدانی جەستەی ئافرەتەکە دەبێت. بینیومانە بوٚ وەڵامدانەوەی تەلەفوٚنێکی کچان لە ناوەند و دەزگاکانی ڕوٚشنبیری و ڕاگەیاندن، چ جوٚرە ململانیەك دروست دەبێت لە نێوان کوڕاندا و دوای وەڵامدانەوەش گوێبیستی تەعلیق و پیادا هەڵگوتنی کچەکە وەکو دەنگ ناسکی و خوٚبەقوربانیکردنی کەسی وەڵامدەرەوە دەبین، بینیومانە و هەستمانکردوە چوٚن کوڕان بەدیتنی کچان هەڵدەگەڕێنەوە و سوڕ دەخوٚن لە بازار و شوێنە گشتیەکان، بینیومانە چوٚن کاکی شوفێر بەدیتنی کچێك کوٚنتڕوٚڵی لێخوڕینی ئوٚتومبێلەکەی لە دەست دەردەچێت، ئاگادارین لە ململانێ و هەوڵەکانی ماموٚستایان بوٚ وەرگیرانیان لە قوتابخانەکانی کچان.

لێرەدا پێویستە بپرسین ئایا ئەم شێوازە تێڕوانینە سێکسیە، و وێناکردنی سێکسی



هاووتا بوون، شەیدابونێکی شێتانەی گەنجان

مرۆڤێك لە چییەوە سەرچاوەیگرتووە؟ بۆچی ئەوەندەی رەگەزی نێر تامەزرۆی بینینێکی سێکسیە لە رەگەزی مێدا، نیو ئەوەندە هەوڵنادات بۆ بینینێکی مرۆیی و شارستانی؟ تۆ بڵێی ئاخ و ئۆف و واوەیلای کوڕان و پیاوان بەرامبەر بە جەستەی ئافرەتێك، دەست بۆ بردن و بەکارهێنانی چەندین وشە و رەمزی جیاجیا، کە گوزارشت لە حەزە سێکسیەکان دەکەن بۆچی بگەڕێتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی بەشێکی هۆکارەکانی ئەم پرسیارانە پێویستە هەڵوەستەیەك لە سەر خودی کەسێتی تاکەکانە بکەین، چونکە تێڕوانین بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە بریتیە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون( socialization) و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. تێڕوانین رەگەزێکی بەدەست هێنراوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا، رەگەزێکە رەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان دیاری دەکات و رێکیدەخات، بە شێوەیەك یەکانگیر دەبێت لە گەڵ ئەو زانیاری و بیروباوەڕەی تاك هەیەتی دەربارەی هەر بابەتێکی دیارکراو. واتا ئامادەباشی هزری و مەعریفی تاکە، ئەم ئامادە باشییەش بەرهەمی شارەزایی و تاقیکردنەوەکانی ژیانی تاکەکانە لە چوارچێوەی کارلێك و پەیوەندی لە گەڵ تاکەکانی تر و ناوەندەکانی کۆمەڵگا. کاتێکیش دەڵێین تێڕوانینی سێکسیانە بۆ مرۆڤ ( رەگەزی مێ) هەڵقوڵاوی کەسێتی خودی مرۆڤەکانە، مەبەستمانە ئەوە رونبکەینەوە، کە بنەمایەکی هەرە گرنگی کەسێتی خۆی لەو بەها و دابونەریت و بیروباوەڕ و پێوەرە کۆمەڵایەتی و کولتوریانە دەبینێتەوە، کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی ژیان و مامەڵەکردنی لەگەڵ ناوەند و تاکەکانی تری کۆمەڵگا و لە چوارچێوەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردندا، کەواتا رەگەزە هەرە گرنگەکانی پێکهاتەی کەسێتی بریتین لە ژینگەی فیزیکی و کولتوری، ئەزمونی تاکەکەسی و گرۆیی. کاتێکیش کەسێتی رەگەزی نێر لە کۆمەڵگای کوردیدا، وێناکردنێی سێکسی زاڵە بە سەر تێڕوانینی بەرامبەر ئافرەت، واتا بەشێکی زۆری پاڵنەر و هۆکارەکانی دوای ئەم تێڕوانینە دەگەڕێنەوە بۆ خودی کولتور و کۆمەڵگا. کولتور و کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی گشتی لە رێگای جیاوازییە



## ئەو کاتەی سێکس کۆی پەیوەندی مرۆڤەکان کۆنترۆڵ دەکات

بایۆلۆژیەکانی رەگەزی مێ لە گەڵ نێردا و لە پاڵ باڵادەستی نێرسالاری و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان، کە خودی سێکس و هوشیاری سێکسی قەدەغە و حەرامکردوە، سەرەڕای چەندین هۆکاری تری وەکو بەکاڵاکردنی رەگەزی مێ لەپروسەکانی فرۆشتن و بازاڕەکاندا و بڵاوبونەوەی فیلم و چەندین کەناڵی جیاجیای سێکسی لە سەتەلایت و ئینتەرنێت دا، بەرهەمهێنەری دیاردەی تێڕوانینێکی سێکسین بۆ ئافرەت، بەر لە بینینێکی تەندروست و بەهاداری مرۆیی.

ئەم جیاوازیکردنەی نێوان رەگەزەکان و وێناکردنە سێکسیە زاڵەی، بۆ رەگەزی مێ هەیە، ئەو قەدەغەکردنەی سێکس وەك یەکێك لە پێداویستیە مرۆیەکان، کە پێویستە پڕبکرێتەوە، حەرامکردنی جەستەی ئافرەت لە پاڵ دانانی رێز و پاراستنی حورمەتی ئافرەت و دانانی بە شەڕەف و ئابڕوی کۆمەڵایەتی و سەرشۆڕی تاکەکەسی، بۆتە هۆی هاتنەکایەی تێڕوانینێکی سێکسی بەرامبەر رەگەزی مێ و بەربەست لە بەردەم ئاشنابونی مرۆیانەی هەردوو رەگەزەکە و دروستبونی پەیوەندییەکی تەندروست، کە متمانە و سەربەخۆیی و خۆپێگەیاندن گرنگترین بنەماکانی ئەم پەیوەندیە بن. بۆیە دەبینین لە دەرەنجامی بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا تێڕوانینێکی کۆمەڵەکی هاتۆتە کایەوە، کە وێنایەکی سێکسی لەخۆ گرتوە و باڵی کێشاوە بەسەر بەشێکی زۆری پەیوەندیەکانی نێوان رەگەزی نێر و مێ(کچ و کوڕ) و رەنگدانەوەی بە سەر لایەن و کایەکانی ژیانی گشتی کۆمەڵگا بەجێهێشتوە.

هەر بۆیە سەیر نیە، کە دەبینین، تێڕوانین و پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز، پەیوەندییەکە تیایدا تێڕوانینێکی سێکسی زاڵە بەسەریدا، پەیوەندیەك نیە لە سەر بنەمای ئاشنابوون و ناسینی خودی مرۆڤەکان بنیاتنرابێت، بەڵکو حەزە سێکسیەکان بەشێکی گەورەی پێکهێنەری سەرەکی تێڕوانین و پەیوەندی نێوان رەگەزەکانن... بۆیە سەیر نیە کە دەبینین کوڕێك لە پاڵ پەیوەندی هاوڕێیەتی بە حەزێکی سێکسی زۆرەوە بڕوانێتە کچە هاوڕێیەکە و چاوەڕوانی فرسەتێکی سێکسی لێبکات. لە پاڵ ئەو هۆکارانەی باسمانکردن بەلاتانەوە سەیر نەبێت، کە مامۆستایەك لە پاڵ مەعریفەی تایبەتی خۆی بەم تێڕوانینە ناتەندروستەوە چاوەڕوانییەکی سێکسی لە قوتابییەکەی بکات، کوڕێك لە پاڵ چەپاندنی حەزە سێکسیەکانی و ئەو پەروەردە سەقەتەی لە خێزان و کەناڵەکانی تری پەروەردەکردن و پێگەیاندندا هەیە، دەست بۆ ئافرەتێك بەرێت و هاوار و پیاهەڵدانی سێکسی کۆنترۆڵی بکات و شوفێرێکی تەکسی بە گومان بێت لە هەڵگرتنی کچ و کوڕێك.

# ژنانی پشــت پیـــاوە مەزنەکان !

کوردستان زرار

(لە پشت هەر پیاوێکی مەزن ئافرەتێك هەیە)، گرنگ نییە ئەم وتەیە کولتوری کامە ولاَتی سەر ئەم زەمینە بەرهەمی هێناوە، یاخود وتەی چ مەزنێکە خۆی خزاندۆتە نێو کولتوری زۆربەی میللەتانی جیهان. ڕۆژانە پیاوان وەك پێدا هەڵگووتنێك بۆ ژنان دووبارەی دەکەنەوە، یان وەکو بەڵگەیەك لەسەر تێڕوانینی پۆزەتیڤیان بۆ ژن و پێگەی ژن ئەیهێننەوە. تەنانەت ئافرەتان خۆشیان شانازی بەم وتەیە دەکەن و دڵی خۆیانی پێ خۆش دەکەن، یان وەك دەڵێن( دڵی خۆیانی پێ ئەدەنەوە ). ئەوەی گرنگە بزانین نهێنی ئەم وتەیە چییە ؟یان مەبەستی پشت ئەم وتەیە چییە؟ ئایا ئەم وتەیە بەڕاستی وتەیەکە لە بەرژەوەندی ئافرەت و پێگەی ئافرەت دایە؟ بەڵگەی بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی ئافرەتە لە لایەن پیاوانەوە؟ یاخود یەکێکی ترە لەو هەزاران وتەو پەند و یاسا و دابە داڕێژراو و نووسراوانەی دەستی پیاو، کە بوونەتە هۆکارێکی چەواشەکردنی ئافرەتان و کۆتکردنیان بەنێوی ستایش کردن و بەرز ڕاگرتن و ڕێزگرتنیان.

ئەم وتەیە، بەڕواڵەت ئافرەت وانیشان دەدات، کە ئەو پاڵپشت و هۆکاری مەزن بوونی پیاوەکەیەتی، بەلاّم ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئافرەت بەهێز و توانای فیکری و زیرەکی و هۆشیاری خۆی پاڵپشتی پیاو دەکات بۆ دەرکەوتن، یان مەزن بوون، یاخود مەبەستی ئەوەیە کە ژنان بە هۆی ئەم هەموو قوربانییەی بە ژیان وخەون و ئارەزوو و خواستەکانی خۆی دەیدات، بۆخاتری گەیشتنی پیاوەکەی بە خەون و ویست و مەبەستەکانی و گەیشتن بە پێگەی خوازراوی خۆی. بەشێوەیەك کە ئافرەت هەمیشە وەك سێبەرو پشت و پەنای پیاو وابووە، هاوکاری کردووە و خزمەتی کردووە تاکو بتوانێت کارەکانی خۆی بەسەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێت و مەزن بێت.

هەرچەند پیاوان زۆر بە دەگمەن نەبێت ئامادەنەبوون نەك قوربانی بە ژیان و خەون و خواستەکانیان بدەن، بەڵکو ئامادە نەبوون بن بەسێبەر و هاوکاری ژنەکانیان، بۆ ئەوەی ژنانیش بتوانن بن بە کەسی ئەکتیڤ و مەزن.

بۆ ناکرێت لە پشت هەر ئافرەتێکی مەزنیش پیاوێك هەبێت؟ ئایا ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ خۆپەرستی پیاو و تەنها هەوڵدانیان بۆ خودی خۆیان و بەرز کردنەوەی پێگەی خۆیان؟ بۆ ئەمەش ئەکەونە داڕشتنی جۆرەها هەڵبەست و وتەی لەم چەشنە بە ئامانجی ساردکردنەوە و سستکردنی ئافرەت لە چالاکی و کارەکانیان. واتا ڕازیکردنیان بەوەی، کە بۆ ئەو کافییە ئەگەر هاوسەرێکی مەزن (پیاوێکی مەزن) ڕازی بکات و ئاسوودەی بکات، بۆ ئەو کافییە، کە لە نێو کۆمەڵگا بە ناوی پیاوە مەزنەکەیەوە بناسرێت.

سروشتی زۆرینەی پیاوان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وایە، کە ناتوانن یان نایانەوێ دان بە بوون و توانای پیاوێکی تردا بنێن، بۆ ئافرەتانیش نەك هەر نایانەوێت دان بە ڕۆڵ و پێگەیان دابنێن، بەڵکو دەترسن لەوەی ئافرەتێ ببینن، خاوەن بیرو بۆچوون وپڕۆژە و بەرهەمی تایبەت بە خۆی بێت. بۆیە لەکاتی دەرکەوتنی ئەم تواناو هێزە لە ئافرەتێکدا هەر زوو هەوڵی ساردکردنەوە و تەگەرە خستنە ڕێی هەوڵ وکارەکانی و ڕەشکردنەوەی ناو و پرۆژەکانی دەدرێت، دەکرێ بپرسین، ئەو ترسەی پیاو لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەوان واتا پیاوە مەزنەکان دەزانن ئەگەر ئافرەتێك بتوانێت سەربەخۆ بێت لە بیر و بۆچوون و خاوەنی بەرهەم و پرۆژەی تایبەت بە



خۆی بێت، ئەوا دەتوانێ لە زۆر شتی تر سەربەخۆ بێت، وەك لە بڕیاردان، هەڵبژاردن، بیرکردنەوە.. واتا دەتوانێت بە هەمان شێوەی پیاو کەسێکی خاوەن ئیرادەو ئازاد و سەربەخۆ بێت، کە پیاوان ئەمەیان پێ قبولّ نییە ژن بێتە ئاستی ئەو و مەزن بێت. بۆیەش هەرگیز ئامادەنییە دان بەتواناکانی دابنێت و گوێ لە بۆچوونەکانی بگرێت، بەڵکو بە گاڵتە پێ کردنەوە دەڕوانێتە ئافرەتێك، کە بە ئیرادەی خۆی بڕیاری دابێت، کە ئیتر تەنها لە نێو چێشتخانە و چوار دیواری ماڵ بیر نەکاتەوە، بەڵکو مەودای بیرکردنەوەی فروانتر بکات و بیەوێت بە دیدی خۆی شتەکانی دەوروبەری شیبکاتەوە و قسەی لە سەر بکات. هەر ئەمەشە وا لە کۆمەڵێك بەناو ڕۆشنبیر دەکات، کەمن ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە ئێستا لە کتێبخانەیەکی نێو بازاڕدا گوێم لە گفتوگۆی بەناو ڕۆشنبیرانەیان بوو، بەجۆرێك لەم دوکانە بچووکەدا کۆببوونەوە، وەك بڵێی ئەمە کۆبوونەوەیەکی فیکری بێت، یەکێك لەوان گووتی: ئەو ڕۆژە ئەندام پەرلەمانێکی ژن سیمینارێکی هەبوو خەریك بوو چەند پرسیارێکی لێبکەم وبیگرییێنم، بەلاّم دواتر گووتم دەی گووناهە باوازی لێبێنم! یەکێکی تریان پرسیاری کرد ئا ئەو ئافرەتەی سەر بە فلانە حیزبە؟ برای یەکەم بە گاڵتە پێکردنەوە وەلاّمی دایەوە، بەڵێ ئەی نابینی حیزبەکەی بەسایەی سەری ئەندام پەرلەمانی وا بە کوێ گەیشتووە. ئەو برا بەڕێزە هەموو کەموکووڕی و گرفتەکانی نێو حیزبەکەی خستبووە ئەستۆی ئەم ئەندام پەرلەمانە ئافرەتە ! لەم بەسەر هاتە زۆر نوێیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پیاوان تاکو ئەمڕۆش نایانەوێت باوەڕ بەوە بکەن، کە ژنیش دەتوانێت دەنگ هەڵبڕێت و بیرو بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبێت و لە نێو کۆڕو کۆبوونەوەکان دا قسە بکات. بۆیە هەرگیز نایەوێت گوێی لێ بگرێت، بەڵکو هەر کاتێك ئافرەتێك ببینن خەریکە بە سەر پەیژەکانی مەزن بووندا سەر دەکەوێت دەکەونە خۆ بۆ ئەوەی پێشی پێبگرن و بیخەنە خوارەوە، یان ناچار بە پاشەکشێ و بێدەنگی بکەن.

بۆیە هەرگیز ناکرێت ئەم وتە بەنرخ و جوانە، بەڵگە بێت بۆ داننانی پیاوان بە بەهرە و تواناکانی ژنان لە سەرخستن و مەزنکردنی پیاو، بەڵکو بەڵگەی چاوەڕوانی و تێڕوانینی پیاوە بۆ ئافرەت تەنها وەك خزمەتکار و ئاسوودەکەرێك، یان ئامرازێك بۆ خەیالّ خۆشکردنی خۆی بەوەی کە ئافرەت هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بێت، کە کەشێکی پڕ لە ئاسوودەیی و ئارامی بۆ بڕەخسێنێت و خزمەتی بکات، پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم بکات، ئەرك و ڕۆڵی پیاوەکە لە نێو ماڵدا



**ئەگەر دیوارەکان نەبن، ئەمن چەندان قسەی جوانم هەیە..**

سانا بکات و چەند منداڵێکی باشی بۆ پەروەردە بکات، تاکو بتوانێت لە ناو خەڵکی شانازی بەوە بکات، کە ئەو خاوەنی منداڵی باش و زیرەك و وریایە، بەمەش ئەو تەنها خەریکی خۆی و خەونەکانی خۆی دەبێت.

لە کاتێکدا زۆریش گلەیی لە ئافرەت دەکرێت، کە بۆ نەیتوانیوە و ناتوانێت وەك پیاو بێتە مەیدان لە گشت بوارێکدا و سەرکەوتوو بێت و بەرهەمی هەبێت، یان بەوە تاوانبار دەکرێت، کە ئەو خۆی خاوەنی هزر و هۆشێکی کەمترە تاکو بتوانێت کاربکات و سەرکەوێت لە بوارەکانی ژیاندا.

ئافرەتان نەیانتوانیوە لە هەموو بوارێکدا چالاکانە دەرکەون، ئەمە ڕاستە و جێگای داخە، بەڵام بێگومان ئەوە پەیوەندی بە کەمتوانایی، یان سنورداری تواناکانی ژنەوە نییە وەك چۆن لە هزری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا بە ژنان خۆشیانەوە چەسپیوە، بەڵکو هۆکار بۆ ئەمە زۆرن لەوانەیە یەکێك لەم هۆکارانە ئەو جیاکارییە بێت، کە هەردوو ڕەگەزەکە هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە لەسەری پەروەردە دەکرێن، بۆنموونە نێر هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوە پەروەردە دەکرێت، کە چۆن لە داهاتوو ببێتە پیاوێکی زیرەك و بەتوانا و خاوەن هێز و دەسەڵات. لە لایەن خێزانەکەیەوە هەموو ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە ئەخرێتە کار، هەر لەهاندانییەوە بۆ قسەکردن و بوێری و شەرم نەکردن تاکو ڕێزگرتنی و ئازادکردنی لە ڕادەربڕین و هەڵبژاردن و هاتووچۆ و...

بە پێچەوانەوە ڕەگەزی مێ هەر لەسەرەتاوە بە عەیبە ومەکە و هتد.. گەورە دەکرێت. بۆ ئەوە پەروەردە دەکرێ کەچۆن لە داهاتوودا ببێتە ژنێکی خزمەتکار و باش و گوێڕایەڵ و بێئیرادە و چاو لە دەستی پیاو بێت بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری (بژێوی ژیان)، کە ئەمە زۆرجار ئەبێتە هۆکارێك بۆ سستکردنی ئافرەت و خاوکردنەوەی لەوەی کە هەوڵی خۆ تەواوکردن یان خۆ پێگەیاندن بدات وئەویش خاوەن بۆچوون و ئیرادەی سەربەخۆ و خەون وخواستی خۆی بێت. ئەمە ڕەنگە یەکێك بێت لە ئاستەنگەکانی بەردەم دەرکەوتنی ژن لە بوارە جیاجیاکانی ژیان. یەکێکی تر لە ئاستەنگەکان ئەو هەموو ئەرك و بەرپرسیارێتیە، کە لە ئەستۆی ژن دایە، بە شێوەیەك کە ژنان ڕۆژانە زۆربەی کاتەکانیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانە تەرخان دەکەن، کە ئەمەش کاتەکانی پشوودانیان زۆر سنووردار دەکات و کاتێکیشیان لە پێشدا نامێنێتەوە بۆ خەریك بوون بەو چالاکی وکارانەی کە هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکەسی و ئەکتیڤ بوون و دەرکەوتن لە مەیدانەکانی ژیاندا. بۆ نموونە خوێندنەوە و ئامادەبوون لە کۆڕو سیمینارەکان و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و سەردانی کتێبخانە و سەنتەرەکانی ئینتەرنێت... مەبەست لەو ئەرك و بەرپرسیارێتیانەش ئەو ئیش و کارە ڕۆتینی و بەردەوامانەن، کە ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە و تەنها تایبەت کراون بە ژنەوە، ئەوانیش (کارە بەرهەمهێنەرەوەکان)ن، واتا کارە دووبارەبووەوە بەردەوامەکانی نێو ماڵ، وەك منداڵبوون و بەخێوکردنی منداڵ و چاودێریکردنی تەندروستی ئەندامانی خێزان و چێشت لێنان و پاککردنەوە و شۆردن و هتد.

ئەوانە کۆمەڵێك ئەرکی قورسی ڕۆژانەن، کە هەمیشە دووبارە ئەبنەوە و پیاوان بۆ هاوکاری کردنی ژنان لە ڕاپەڕاندنیان، هیچ ڕۆڵێکیان نییە. جا ئەگەر ئافرەت لە دەرەوەش کارێکی ئابووری یان(کاری بەرهەمهێن )ی هەبێت، ئەوا ئەرك و بەرپرسیارێتی قورسترە، چونکە ئەو دوای گەڕانەوەی لە کارەکەی بۆ ماڵ، ئەبێت لە خەمی ئەوە دابێت فریای کارەکانی نێو ماڵیش بکەوێت، نەك بیر لە پشوودان یان خەریك بوون بە چالاکی و حەزە تایبەتییەکانی خۆی بکاتەوە. دەبینین ئافرەتان کاتەکانیان چەندە تەسك و سنووردارە، ئایا ئەمە هۆکاری ڕاستەقینەی بەردەم سەرنەکەوتن ودەرنەکەوتنی ئافرەت و مەزن نەبوونی نییە؟

ئافرەتان ئەگەر هەر لەم پێگە و ئاستە نزمەی ئێستادا بمێننەوە، واتا نیوەی کۆمەڵگا لە ئاستێکی نزمدا دەژیت و سست و نائەکتیڤ دەبێت. ئەمەش بۆ دواجار کاریگەری نێگەتیڤی هەیە بە سەر ڕەوتی بەرەو پێشچوون و بووژانەوەی کۆمەڵگا، بەڵام ئەگەر بێت و پیاوان واز لەم خۆپەرستییەیان نەهێنن و بەو شێوەیە لە ئافرەت نەڕوانن، کە دەبێت لە پشتیانەوە بوەستن و خۆیان و ژیانیان بۆ خزمەتکردن و ئاسوودەکردنی پیاو تەرخان بکەن، پیاوان دان بە بوون و توانا و خواستەکانی ئافرەت دابنێن و پاڵپشت و هاوکاری ژنەکان بن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا تەنها پیاوی مەزنی تێدا نەبێت، بەڵکو ژنی مەزنیش بەهاوکاری و پاڵپشتی پیاوان بێنە دەرکەوتن و خزمەتکردنی وڵات.

ژنانیش ئیتر تەنها بەوە ڕازی نەبن، کە لە پشت پیاوەکانەوە بوەستن، قوربانی بە هەموو ئارەزوو و ویستەکانیان بدەن، بە سەرکەوتن و پێگەی مەزنی پیاوەکانیان واز بهێنن و بە ئافرەتانی پشت پیاوە مەزنەکانەوە بناسرێن، بەڵام دەکرێت نیوەی کۆمەڵگا لەم سستی و نائەکتیڤی و پاشکۆبوونە رزگاری ببێت، ئەگەر بێتو پیاوان واز لەم خۆپەرستیە بهێنن، یاخود خۆیان لەم تێڕوانینە هەڵەیە رزگار بکەن، کە ڕۆڵی ئافرەت تەنها بەم شێوەیە وێنا دەکات و پێی وایە دەبێت تەنها لە پشت پیاوەوە بوەستێ و خۆی و ژیان و تواناکانی بۆ مەبەست و ویستەکانی پیاو تەرخان بکات. ئیتر دەبێت پیاو دان بە بوون و توانا و خواستەکانی ئافرەت دابنێت و پاڵپشت و هاوکار بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا تەنها پیاوی مەزنی تیادا هەڵنەکەوێت، بەڵکو ژنی مەزنیش بە هاوکاری و پاڵپشتی پیاوان بێنە دەرکەوتن و خزمەتکردنی کۆمەڵگا. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئافرەتان خۆیان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە کار بکەن و ئیتر بەوە رازی نەبن کە لە پشت پیاوەکانەوە بوەستن و قوربانی بەهەموو ئارەزوو ویستەکانیان بدەن، هەڵبەست و وتەی چەواشەکاری لەم چەشنەش وایان لێنەکات خۆیان لە بیر بکەن و تەنها بە سەرکەوتن و پێگەی بەرزی پیاوەکانیان واز بهێنن و بە ئافرەتی دوای پیاوە مەزنەکانەوە بناسرێن.

**نیسانی**

# ڕەشپۆشە بێبەشەکان

سەوسەن محەمەد میرخان



کۆتاییەکانی مانگی شوبات بوو، کە بۆ پرسەی خزمێکمان، کە لەلایەن مێرمنداڵێکەوە گوللەیەکی پێکەوتبوو، هەر بەو گوللەیش گیانی لەدەستدا بەرەو ناوچەی مێرگەسۆر گوندی (مێوکێ) بەڕێ کەوتین، گەیشتینە شوێنی پرسەکە و هەموو ئۆتۆمۆبێلەکان خۆیان دابووە قەراخی جادەکە، چونکە لە وەرزی زستان و بەفر و باراندا گوندەکە جادەیەکی نییە، کە ئۆتۆمۆبێلەکان پێیدا بگەنە سەرەوە و خەڵکەکە بە ناچاری و بەزەحمەت بەناو قوڕ و لیتەیەکی زۆردا دەڕۆیشتن، تا دەگەیشتنە ماڵەکانیان و ئێمەش زۆر بە زەحمەت گەیشتینە شوێنی پرسە، کە گەیشتین هەر سێ ژوورەکان پڕ بوون لە ئافرەتی پرسەدار و چووینە لای خاوەن پرسەکە و ڕووی تێکردم و وتی تۆ چی دەڵێی بۆ من، کە (باوک، برا، مێرد)م لە کارەساتی ئەنفال لە دەست داوە و ئێستاش دایکم، کە جێگای ئومێد و دڵخۆشیم بوو لەدەستدا؟! من بێ بەش لە ژیان و بێ کەس و داماو! کەس خۆی پێنەگیراو دەستمان بەگریان کرد، بەڵام چ گریانێك، گریانێکی بە کوڵ و پڕ لە دەرد و خەفەت، کە غەم و زامەکانی ساڵانێکی دوور و درێژی پێوە دیاربوو، گریانێك کە لە قووڵایی دڵەوە بوو، دەربڕی برینێکی قووڵ وەك مێژووی کورد بوو، زۆربەی ئافرەتەکان ڕەشپۆش بوون و دوایی زانیم کە ئەمانە ساڵانێکە هەر ڕەشپۆشن و جلی ڕەشیان دانەکەندووە، تەنانەت (فەهیمە)ی خێر لەخۆ نەدیو کە ژنە ئەنفال بوو، کوڕ و دوو لە زاواکانی و زۆر لە کەسوکاری بنەماڵەکەی لە ساڵی 1983 لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس ئەنفال کرابوون، بە درێژایی ئەو ماوەیە لەبەر ئەڤینی بۆ خۆشەویستەکانی، تەنانەت ئاوی ساردی لەخۆی حەرام کردبوو، 23 ساڵ هاودەمی شەوانی تەنیایی کچە بێ نازەکەی بوو، کاتێ مێردەکەی ئەنفال کراوە، ئەو بووکی یەك ساڵی بووە و بەدرێژایی شەوانی تاریك و تاڵی ئەم ژیانە سەختە لایەلایەی بۆ بێشکە (5) ڕۆژیەکەی کچەزایەکی وتووە. ئەو هاوڕێی خەم و ڕۆژانی تاڵی ژیانی بووە و لە ڕۆژێکی وادا قەدەر لێکیان جیا دەکاتەوە، زۆربەی ئافرەتەکانی ناو پرسەکە کەسوکاری ئەنفال بوون.

لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەی کە لەوێ بووم چەند ئافرەتێك ئاوا سەربوردەی ڕۆژانی تەنیایی و نادیاریی خۆیان بۆ گێڕاینەوە:

(دوای کارەساتی ئەنفال و ڕاپێچ کردنی پیاوەکانمان بۆ شوێنێکی نادیار ئێمە( 44 )ئافرەت دوو کۆستەرمان گرت بەرەو موسڵ بەڕێ کەوتین تا سۆراغێك لە کەسوکارمان بدۆزینەوە و چووینە هوتێلێك و لەوێش بەرەو دائیرەی ئەمنی ڕژێم بەڕێکەوتین. سۆراغی کەسوکارمان لە عەسکەرەکانی بەر دەرگا پرسی، بەڵام نەیانهێشت نزیك ببینەوە و وتیان ئێمە ناتوانین هیچتان بۆ بکەین و نزیك مەبنەوە و قەدەغەیە عەریزەتان لێ وەربگرین و ئەو مافەمان نییە و زوو لێرە دوورکەونەوە). ئافرەتەکانیش بە نائومێدی دەگەڕێنەوە هوتێل و لەوێ هەموویان لەژوورێکدا خڕدەبنەوە و بۆ بەختی ڕەش و چارەنوسی نادیاری خۆیان دەگرین و بە نائومێدی دەگەڕێنەوە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان.

هەر بەم شێوەیە درێژەی بە قەسەکانیدا و وتی: (جارێکی تریش بەهەمان شێوە ئێمە (7) ئافرەت بەرەو بەغدا بەڕێکەوتین، تا هەواڵێکمان لە کەسوکارمان دەستکەوێت، چووینە هوتێلێك کە خاوەنەکەی کورد بوو، کە زانی ئێمە بۆ مەسەلەیەکی واهاتووین زۆر هاوکاریکردین و هاوخەممان بوو و تەنانەت پارەی هوتێلیشی لێوەرنەگرتین، بۆ ڕۆژی دووەم تاکسیمان گرت کە بمانگەیەنێتە کۆشکی کۆماری، بەڵام شوفێرەکە وتی ناتوانم تا نزیك شوێنەکە بتانبەم و دەبێ ماوەیەك بە پێ بڕۆن. ئێمەش بە پێیان ڕۆیشتین و گەیشتینە پرسگە، لەوێ وتمان دەمانەوێت سەدام



ژنانی ڕەشپۆش لە چاوەڕوانی ئەنفالەکراواندا     کۆوار

## منداڵان، قوربانی یەکەمی ئەنفال..



ببینین، بەڵام وتیان قەدەغەیە و ناکرێت، هەرچەندە زۆر داوامان لێکردن کە ئەو عەریزەیە بگەینرێتە دەستی سەدام و ئەوانیش بەڵێنیان دا کە عەریزەکە دەگەیەننە سەدام، بەم شێوەیە ئەم جارەش گەڕاینەوە، هەروەها وتی: جارێکیتریش بەرەو کەرکوك چووین، بەڵام دیسان هەر بێسوود بوو و نەمانتوانی سۆراغێك لە ئەنفالەکان بەدەست بهێنین، هەر ئەو ئافرەتە وتی مێرد و سێ کوڕم گیراوە و(41)کەس لە بنەماڵەمان ئەنفال کراون، ئافرەتێکی تر کە لە تەنیشتی دانیشتبوو وتی: منیش 19 کەسم ئەنفال کراوە، کە مێردم و( 4 ) کوڕم لە نێوانیاندان، ئافرەتێکی تریش وتی: من( 13 )کەس لە بنەماڵەم ئەنفال کراون لەوانە (مێردم، دوو کوڕم، برام، مامم و...).

هەر دوای ئەنفال کردنی بە کۆمەڵی بارزانیەکان لە ساڵی 1983 ئافرەتەکانیان تووشی بۆشاییەکی گەورەی دەروونی و بژێوی ژیان بوونەتەوە، ناچاربوون لە یەك کاتدا ڕۆڵی پیاو و ئافرەت لە نێوماڵدا ببینن، ئەو هەموو تاڵیەیان چێشتووە بۆ ئەوەی داستانی خۆیان بە جیهان و ئێمە بگەیەنن، ئەوەش بەرخودانە و ئەو ئافرەتانە قارەمانانی ڕۆژانی بێکەسی کوردن، ئافرەتێکی تر بەم شێوەیە بۆم دواو وتی: دوای گرتنی کەس و کارمان هیچ پیاومان نەبوو، کە ئیشمان بۆ بکات، بۆیە ئێمەی خێزانی ئەنفالەکان تووشی ئەزیەت و ئازارێکی زۆری جەستەیی و دەروونی بووین، هەر لە پێناو بژێوی ژیانی خۆمان و منداڵەکانمان ناچار بووین ئیشی قورس بکەین و تەنانەت کیسەی چیمەنتۆمان بار دەکرد و بلۆکمان هەڵدەگرت. بە چاوێکی پڕ فرمێسك درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: ئەو کات هێز و وزەیەکی لە ڕادەبەدەرمان هەبوو، ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەڵێم ئەو کات چۆن دەمانتوانی ئەو هەموو کارە قورسانە بکەین، بەڵام ئەو کات هێزێکی ئاسمانی پاڵپشتی دەکردین، کە بتوانین درێژە بە ژیان بدەین و هەست بە ماندووبوون نەکەین. ئافرەتێکی باڵابەرزی ڕەشپۆش کە شانەکانی لە ژێر باری خەمدا چەما بوون و چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون، ئەوا( 23) ساڵە مارە کراوە و نەگوازراوەتەوە و هەر لە چاوەڕوانی خۆشەویستەکەی ماوەتەوە و لە حەسرەتان جلی ڕەشی دانەکەندوە، هونەرمەندان دەڵێن ڕەنگی ڕەش بووکی ڕەنگەکانە، بەڵام ئەگەر ئەم کارەساتەیان بە چاو دیتبا قەت وایان نەدەوت.

ساڵانێکی دوور و درێژ هەر لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانیان بوون، تا ئەوکاتەی تەرمی 503 ئەنفالکراویان گەڕاندەوە کوردستان، ئەو وەختەبوو، کە نائومێد بوون لە گەڕانەوەیان و خەم و پرسە و ماتەمینی ئەوان، هەموو کوردستانی گرتەوە.

ڕەشپۆشەکان شەڕیکی چارەنووسی یەکتربوون و تەباییەکی لە رادەبەدەر لە نێوانیاندا هەبوو، تەنانەت تا ئێستاشی لەگەڵدابێت لە ژیانێکی خۆش و ئاسوودە بێ بەشن، تەنانەت گوندەکەشیان کە کۆمەڵێك پیاویان ئەنفال کراوە، هێشتا لە ئاوەدانی بێبەشە، گوند لە40 ماڵێك پێك هاتبوو، تەنانەت خانووەکانیشیان سەب نەکراوە، بەڵام قەناعەت و تەوازوعێکی زۆرم لێ دیتن، مادده و پارە و کۆشکی دونیا لەلایان بێنرخ بوو، ئەوان بەنرخترین سەرمایەی خۆیان پێشکەشی کاروانی نەمریی کردووە، هەر بۆیەش ماڵی دونیا لەلایان بێنرخە. بەڵام ئایا دەبێ لەسەدەی تەکنەلۆژیاو جیاهانگیری، لە سەردەمی پێشکەوتن و زانست، لە کوردستانێك کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەستی ئاوەدانی و پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی گەیشتۆتە زۆربەی شوێنەکان، بۆچ ئەو گوندە، کە کەوتۆتە قەراغی جادەی سەرەکی، تاقە ڕێگایەکی قیراتاو کراویان نییە؟! تا کەمێك لە ئازار و مەینەتیەکانی خێزانی ئەنفالەکان سووك بکات، کە لە هەموو خۆشییەکانی ژیان مەحروم کراون ! بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن، کە حکومەت گرنگیان پێدەدا و هاوبەشە لە خەم و دەرد و مەینەتیەکانیان، کە ئازیزەکانیان لە پێناو کورد و کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر دا شەهید کران. ئایا ئەمانەش بەشێك نین لەم گەلە ؟ بۆ دەبێ کێشەکانیان پشت گوێ بخرێت؟ یان وابزانرێت کە مادام ئەوانە قوربانیان داوە هەر دەبێ قوربانی بدەن؟ ئاخۆ ئەو ڕۆژە نەهاتووە، کە ئێمە هەموومان لە بیری ئاسایش و ئاسوودەیی کەس و کاری ئەنفالەکان دابین؟ هەر خزمەتێکی ئەم خێزانانە مشتێکە لە دەمی زۆرداران دەدرێت، بەڵام ئەوەی کە من دەیبینم و ئەوەی کە کراوە کەمترە لە قوربانیەکان، لە مەینەتیەکان و لە ئازارەکانیان، کە چێشتوویانە.

# نهێنی ئەو شەوە، بۆکەس مەگێڕەوە

ئەم نامەیــە، گێڕانەوەیــەکی واقیعیانــەی ئافرەتێکی ئەو وڵاتەیـە.. بەسـەرهاتی کـچێکی عاشـقە، کـە عەشـق کـۆنترۆڵی دونیـا بینینـی ئـەکاو خـۆی تەسـلیم بـە قـەدەرێکی نادیـار دەسپێرێ..

ئێمە پاش ئەوەی ئـەو نامەیـەمان لـە رێگـەی نووســـەرەکەیەوە بەدەســـت گەیـــشت، هەوڵماندا لەگەڵ وەڵامی پسپۆرێکی دەروونـی بڵاو بکەینەوە.. بەڵام بەهۆی گرنگی کێشەکەو راشـکاوی نووسـەری نامەکـە، لـە نووسـین و گێڕانەوەی چیرۆکە دژوارەکە، بـە پێویـستمان زانی لـە ژمـارەی داهـاتوو، وەڵام و تێڕوانینـی نووسەران و خوێنەران بکەینە مەلـەفێك و لـە دوتوێی کۆوار بڵاوی بکەینەوە..

بۆیـەش داوا لـە ئێـوە دەکـەین هـەم وەك ئـەرکێکی مرۆڤانـەو هـەم وەك کێـشەیەکی کۆمەڵایـەتی بـە تێـڕوانین و نوسـینەکانتان بەشداری بکەن.

کۆوار

من بۆتان دەنووسم، بەڵام هەست ئەکەم رێگایـەکی نـەگونجاوم گرتۆتەبـەر لـەوەی کـە بۆتـان دەنووسـم، هەرچـەندە بـۆ 3 مـانگ دەبێـت هـەوڵی نووسـینی ئـەو گرفتـەم داوە، وەلێ نـەمتوانیوە و سـوتاندوومە، جـا نـازانم ئەوەشـیان دەنووسـم، یـان وەك ئـەوانی دیکـە دەیانسووتێنم، تکا لە خوا دەکەم یارمەتیم بدات، تکا لـەخوا دەکـەم دڵـی ئێـوەش (وەك ئـەوانی تـر نەکاتـە بەرد) و بەو پەڕی بایەخەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو گرفتەی من بکەن. من ئەمـەوێ بژیم، ئەمـەوێ وەك ئـەوانی تر خۆش بەخت بم، بخۆم و بڕۆم بەڕێگاوە.

پـێش چـەند سـاڵێك لەمـەو بـەر، گـەنجێکی چـالاك و خوێنـدەوار و خـاوەن ڕەوشـتێکی بـەرزم ناسـی، زۆر هاموشـۆی یـەکترمان کـردو گـەلێ ڕۆمانمـان بەیەکـەوە خوێندنـــەوە، زۆر دێـــری شـــیعریمان ئەزبـــەرکردن، یـــــەکترمان وەك عاشـــق و مەعـــشوقێکی شـــێت خۆشەویـست، تـا بوونـە غوبـار لـەنێو شـێتی عیـشق سووتابووین، پـاش ئاخـافتن و ژوانێـکی زۆر، بڕیـاری هاتنـه خــوازبێنی دام، بــەڵام ماڵــەوەم (وەك هــەموو مـاڵێکی رۆژهـەڵاتی)، بڕیارەکـانی لـە مـن ستاندەوە و خۆیـان بوونـە دوا بڕیـار و بـە بیـانووی (بـچووکی تەمـەنی مـن) و (گـەورەیی تەمـەنی ئەو- کە 10ساڵ لـەمن گەورەترە) رازی نـەبوون، ئیـدی ئێمـە لـەو هەوڵــە پەشــیمانی داینــەگرتین و بـەردەوام بـووین لـە خۆشەویستی، (ئـاه خودایـە، لـەکاتی نووسـینی ئەو دێرانە، قوڕگم پڕە لـە گریـان و نامــەکانیم بیردێنــەوە)، نــاڕەزایی ماڵمان زۆر کاریگەری لێنەکردین و بـەردەوام بـووین لـە خۆشەویستی، لـە نامەنووسـین، تــا مــاڵی خــوا یــەکتریمان کــردە دێــر و نامــەمان نووســی، شــەو تــا ســەحەر لــەنێو دێرە شیعرەکاندا بەدوای دەگەڕام و دێــر دێــر دەمدۆزیــەوە. (ئێــوە ناتوانن لەمن تێبگـەن.. نـا هـەرگیز، نـاتوانن، ئـەزانم رەنگـە پـێم بڵـێن شێت.. بـەڵام گـرنگ نییـە، گـرنگ ئەوەیە شێت نیم!!!).

پاش چـەند مانگێك لـە خـوازبێنی یەکـــەم، هەمـــدیس هاتنـــەوە خــوازبێنیم، بــەڵام دڵڕەقــی بــاوکم وەك جاران بوو، هەمدیس هاتەوە خـوازبێنیم، بیرمـە بـۆ دواجـار کـە هاتــەوە خــوازبێنیم (بــاوکم دەری کردن!).

مــن ئەمــەوێ زۆر شــت بنووســم، بــەڵام نــاتوانم (تکایــە خوداوەنـدی گەورە یارمەتیم بدە..)، بەهەر حاڵ نــازانم چــۆن بــوو، لــە شــەوێکی زسـتاندا بـە بیـانووی خوێنـدن لـە ماڵــەوە ڕوخــسەتم دا بــچمە مــاڵی دەســـتە خوشـــکێکم، هەرچـــەند ســەرەتا بــاوکم رازی نــەبوو، بــەڵام دواتر ڕوخسەتی دامیٚ بـە مـەرجێك ئــەو خــۆی بمباتــە مــاڵی دەســتە خوشکەکەم، (ئاخر بـاوکم دەیزانـی من پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ ئـەو کـوڕە هەیـە، بۆیـە بـەردەوام نیگابـانم بـوو، بـۆ هـەر شـوێنێك بچوومایە، ئەو دەهات، هەر زەنگێکی تەلەفۆن لێدرابایـە، ئـەو هەڵیـدەگرت، ئـەو شـەوەش وەك هـەموو کاتـەکانی تـر لەگـەڵم بـوو، بۆیـە منی بردە ماڵی دەستەخوشکەکەم و گەڕایـەوە ماڵ، ئیدی ئەو کات هەستم بە ئازادی کرد، لەگەڵ ئەوەش دەستم کردە گریان و غـەریبی، ئــەو کــوڕەی خۆشــم دەویــست بــەرۆکی بەرنـەدام، پاش ئـەوەی چیرۆکی خـۆم لەگـەڵ دەستە خوشکەکەم باس کرد، لەگـەڵم کەوتە گریان و یارمەتی دام، کە بە تەلـەفۆنی ئـەوان قسەی لەگەڵ بکەم، ئیدی لـەوێ هاوکێشەکان گـۆڕان و تەلـەفۆنم بـۆی کـرد، ئـاه.. خودایـە ساتەکانی ئەو تەلەفۆنە چەند قەشەنگ بوون؟ چــەند پــڕ بــوون لــە میهرەبانی؟چــەند بــە گـەورەیی دەدرەوشـانەوە؟ هـەر ئەوشـەوە لـە تەلەفۆن بڕیارمدا بچمە لای، ماڵیان لای ماڵی دەستەخوشکەکەم نزیك بوو، شەو درەنگانیٚ بــەدزی ماڵــەوەیان و، بەڕەزامەنــدی دەســتە خوشـــکەکەم، چـــوومە بـــەر دەرگـــا و لـــەوێ خۆشەویستەکەم بینـی و لەگـەڵی چوومە ماڵ ،(بـەو مەرجـەی بـەیانی زوو بـەر لـە رۆژهـەڵات بمباتەوە ماڵی دەستە خوشکەکەم)، بیرمە کە چـــوومە دەرێ، ئــەو لەبــەردەرگا وەســتابوو،



رۆیشتن بە نێو ئارەزووەکاندا..



بارانێکی بەخوڕ دەیدا لە شەقام، ئاه کە چەند جوان بوون ئەو ساتانە، دەستی گرتم و بەرەو ماڵ بە ئەسپایی کەوتینە ڕێ و لەماڵ چووینە ژوورەوە.

شەوێك بوو پڕ بوو لە ئازادی (ئاه خودایە یارمەتیم بدە لە نووسین.. ئاه خودایە بۆ هێندە دڵم پڕە لە گریان)!!.

کە شەو چووینە ژوور، کەسمان نەماتوانی قسە بکەین، هێندە سەیری یەکترمان کرد تا گریاین.. ئاه خودایە ئەو شەوە چەند گریاین، من هەستم دەکرد وردە وردە دەتوێمەوە و دەبم بە غوبار.. بیرمە ئەوشەو شیعرەکانی (نزار قەبانی) بۆ دەخوێندمەوە، بیرمە، لەنێو کتێبخانەکەی ئەگەڕاو حونجەی ڕۆمانەکانی دەکرد، بیرمە هەنسکی دەداو شەرمی تەنهایی بۆ دەکردم، تا ئەو ئەندازەیەی بڕیارماندا کە خۆمان بکوژین، بەڵام بەر لە خۆکوشتن لە ژوورەوە واژووی پێکهێنانی هاوسەرێتیمان لەسەر کاغەز نووسی (زواج عرفی). هەر چۆنێك بێت پەردەی کچێتیم دۆڕاند.. ئاه خودایە، چەند لەوە دەترسام ئەو نهێنیە بدرکێنم.. درکاندنی ئەو نهێنیە چەند دەمترسێنێ، ئاه خودایە، بمبەخشە لەوەی ئەو نهێنیە دەدرکێنم، ئاه خودای گەورە تۆ بەگەورەیی خۆت ئاگاداری، نزات بۆ دەکەم لەوەی کە لەو گوناهەم ببەخشی..

ئەو شەوە بۆ من، شەوێکی سەیر بوو، سەرەتا لە باوەشی خۆشەویستەکەم هەستم بە گەرمی باوەشی دەکرد، بەڵام کە هەستم بە دەرکەوتنی ڕووناکی کرد، ترس و شەرم دایگرتم، هەر چۆنێك بێت چوومەوە ماڵی دەستە خوشکەکەم (ئەو کات کە لەبەر دەرگا بووم، دەستە خوشکەکەم لە دەرەوە چاوەڕێی دەکردم)، کە بەیانیش لە قوتابخانە بووم، بە حەپەسایی لە شتەکان دەمڕوانی، لەگەڵ ئەوەش هەستم بە ترسێکی گەورە دەکرد و ئارەقەی شەرمەزاریم لێدەتکا.. دەترسام و لەگەڵ ئەوەش بیری باوەشی گەرمی خۆشەویستەکەم دەکرد. ئەوەش کە لەو تەنهایی و شەرمەزارییە دڵنەوایی دەدامەوە، ئەو پەیمانە بوو کە دابوومان (ئەویشیان ئەگەر نیشانەی سکپڕیم تێدا سەری هەڵدا، خۆمان بکوژین)..

ئێستا چەندساڵێك بەسەر ئەو شەوە تێپەڕی کردووە، هەنووکە لە دوا قۆناغەکانی خوێندن دام. لە کاتێکدا خۆشەویستەکەم تا ئێستا لە ژیانە و تا ئەو ساتەش لە نێو پەیوەندییە خۆشەویستیەکەمان ماوین، (بەڵام سوێند دەخۆم پاش ئەو شەوە، دەستی بەر نەکەوتووم) هەرچەندە گەلێ جار یەکترمان دواندووە، بەڵام هەرگیز.. بڕوا بکەن هەرگیز دەستم بەرنەکەوتۆتەوە...

ئەوەش کە لێرە زیاتر بێتاقەتم دەکات، دڵڕەقی باوکمە، کە لە ترسی خۆشەویستەکەم، ماڵی بردە شارێکی تر و ئێستا لە شارێکی تر دەژیم، ئەگەر بەڕێکەوت نەبێ ناتوانم تەلەفۆنی بۆ بکەم.. باوکیشم هەروەك جاری جاران دڵڕەقی یەخەی بەرنەداوە و بە براکانیشم دەڵێ (گەردەنتان ئازا نەبێ ئەگەر پاش مردنیش بێت، ئەو کچە بدەنە ئەو کوڕە).. هەر کاتێکیش لەگەڵ خۆشەویستەکەم دەدوێم، لەسەر قوربانیەکانی خۆی بەردەوامە و دەڵێ یان ئەوەتا هەرگیز ژیانی هاوسەرێتی پێکناهێنم، یان تۆ)..

ئەوەش کە پتر دەمترسێنێ ئەو قەدەرە بەدە، کە چەند ساڵێکە تێی دەڕوانم، بێ ئەوەی چارەسەرێکی هەبێ.

من دەترسم، جگە لەوەش هەست بە گوناه و شەرمەزارییێکی زۆر دەکەم لەوەی کە ...... ناتوانم بڵێم.. ئاه خودایە بمبەخشە، بەڵام بۆ دەبێت لەم وڵاتە خۆشەویستی گوناه بێت؟ بۆ دەبێت ئێمەی ئافرەت قوربانی بڕیارەکانی باوکان بین؟

ئاه خودایە، من هیچم ناوێ، من یەك دەرهەمی باوك و یەك پارەنانی ماڵەوەم ناوێ، من دەمەوێ کۆیلە نەبم و سەربەست بم...

خودایە یارمەتیم بدە توامەوە...

خودایە دڵی باوکم ڕۆشن کە، با نەمرم....

# تۆ خۆت دەکوژی، منیش ژیان بۆ غەرییان جێدەهێڵم

هەژار عەلی

کە بەرووداوی خۆسوتانی(ن، ت)م زانی، نیگەرانی دایگرتم و لەخۆم پرسی ئەم کۆمەڵگایە چەندە دڵرەقە، کە بەرگەی خۆشەویستیی نێوان دوو گەنج ناگرێت. دەبێ چ مامەڵەیەك وایکردبێ، دوو کیژۆڵەی تازە پێگەیشتووی یەکێك لە گوندەکانی دەڤەری باڵەکایەتی بڕیارێکی سەخت و نادروست وەربگرن، بڕیاری کۆتایی هێنان بەژیان و ماڵئاوایی کردن لە ئازیزان.

ئاخۆ ئاشکرابوونی پەیوەندی نێوان کچ و کوڕێکی عاشق، کە ڕەنگە هەر لەڕێگای نامە گۆڕینەوە بێت، هێندە دێنێت، کاردانە و بریندار کرن، یاخود پەنابردن بۆ مەرگی لێبکەوێتەوە.

(ن) کچێکی تەمەن (16) بەهاری، لە دوا قۆناغی هەرزەکاریدایەو ئەو قۆناغەش سەرتاو هەنگاوی یەکەمی ژیانە، زۆر زووە بۆ ئەوەی بڕیاری گەورەو چارەنووسساز بدرێت، بەڵام (ن) لەم ساتە ناسکەی ژیاندا دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی لە نێو ژیانی لادێ نشیندا، ئەو دەیەوێت لەرێی پەیوەندی خۆشەویستییەوە ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت .

(ن) وەك هەر کچێك حەزو ئارەزوویەتی تامی خۆشەویستی بچێژێ و پەیمان بڵێ ژیان بە خۆشەویستییەوە جوانە، وەلێ ئەو لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیێ کە خۆشەویستی تیادا بقەیە، ئەو بەنهێنی پەی بەو خۆشەویستیە دەبات و لە ڕێگەی بینین و نامە گۆڕینەوە پەیمانی سۆزو وەفاداری بۆ یەکتر دووپات دەکەنەوە، بەڵام مخابن دیسان ئەو ڕێگایەش هەتا سەر نابێ، بۆ ؟!! چونکە (ن) نەخوێندەوارەو هەر کاتێك نامەی خۆشەویستەکەی پێ دەگات، پەنا بۆ دەستە خوشکەکەی (ت) دەبات، بۆ ئەوەی پەیڤەکانی نێو نامە دڵدارییەکەی بۆ بخوێنێتەوە.

هەرچەندە (ت)ی دەستە خوشکەکەشی کەوتبووە نێو داوی خۆشەویستی، بەڵام ئەو خوێندەوار بووەو جگە لە خۆی کەس هەستی بەو خۆشەویستییە نەکردووەو کاروانی خۆشەویستی بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی (ت) ئەو نهێنییە لای دایکی ئاشکرا دەکات، لە ناو گێژاوی خەمی بۆیەك نەبوون و ترس لە ئاشکرا بوونی ئەو نهێنییە، هەمیشە خەمێکی قووڵی لە دڵدا بووە، بۆیە سەرەڕۆیانە داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات لە پەلە بکات لە خوازبێنی کردنی، بۆ ئەم مەبەستە دوانامەی بۆ دەنێرێ و لە نێو ئەو نامەیەشدا پێی دەڵێ:

( چیتر نامەت بۆ نانێرم نەبادا خەڵك پێی بزانێ و خۆشەویستییەکەمان هەرەس بێنێ، بۆیە داوات لێ دەکەم پشوو درێژ بە لە بەهاری ئەمساڵدا دێمە خوازبێنیت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ڕێگە بە پەیوەندی خۆشەویستی نادات، هاکا بزانن من تۆم خۆش دەوێت، دڵنیابە نەك هەر ڕازی نابن، بەڵکو تووشی کێشەو کارەساتیش دەبین) دواجار ئەم پێشبینییە ڕاست دەکەوێتەوە، لە دوانامەی کوڕەکە کە بۆ (ن)ی دەنێرێ، ئەویش دەیباتە لای (ت)ی دەستە خوشکەکەی تا بۆی بخوێنێتەوە. (ت)ی دەستە خوشکی سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەکە دەبێت، دایکی بە سەر دا دێت و پێیدەڵێت ئەوە چییە ؟! (ت)یش ئەو نهێنیە لای دایکی باس دەکات، دایکەکەش بێ گوێدانە ئاییندەی کچەکە، قسە بۆ دایکی ( ن ) دەکات و نهێنییەکە ئاشکرا دەکات. لەبەرامبەر ئەمەشدا دایکی سەرزەنشتی (ن) دەکات و پێیدەڵێ قسە بۆ باوکت دەکەم.

ئەمەش وادەکات هەردووکیان (ت – ن )، بڕیارێکی ترسناك وەربگرن. سەرەتا (ن) گڕ لە جەستەی خۆی بەردەدا، دوای تێپەڕبوونی یەك کاتژمێر، هەمدیس (ت)یش پەنا دەباتە بەر هەمان ڕێگاو خۆی دەسوتێنێ و لە بەر سەختی برینەکەی هەمان ڕۆژ گیان لە دەست دەدات. بەڵام (ن) بە دەم ئازارو بۆن کرووزی گیانیەوە ماوەی مانگ و نیوێك لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوەو دواتر نۆرەی مەرگی ئەویش دێت.

ئەم ڕووداوە دڵی چەندین عاشقی بریندار کرد، زۆر چاوی پڕکرد لە ڕۆندك، ماتەمینی خستە ئاواییەك و چەندین ژنی ڕەش پۆشکرد.. برینی خستە دڵ و جەستەی سەدان گەنجی عاشقی خێر لە خۆنەدیوو، بەڵام کەس نەی پرسی ئەم ڕووداوە بۆ؟

چی وایکرد دوو کچی تازە پێگەیشتوو پەنا بەرنە بەر ڕێگایەکی پڕ مەترسی، ڕێگایەك کەمترین ترووسکایی بۆ ئایندە بەدواوە نیە، ڕێگایەك کەس ناگەینێتە ئومێد، ڕێگایەك جگە لەکۆتایی هاتنێکی خۆلەمێشی شتێکی تر نیە. ئەوان چوون، بەڵام پرسیاری زۆریان جێهێشت، ئاخۆ خۆشەویستی یان ئاڵوگۆڕکردنی هەست و سۆزێکی پڕ لە خەونی هەرزەکارانەی نێوان کوڕو کچێکی تازە پێگەیشتوو، تاوانێکی هێندە مەزن بێ، جگە لە مەرگ و کۆتایی هێنان بە ژیان، ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی نەبێت؟.. ئەوان ڕۆیشتن، بەڵام چیرۆکی تراژیدیاکەیان کۆتایی نایەت، چیرۆکێك ڕەنگە نەوە دوای نەوەی ئەم گوندە بۆیەکتری بگێڕنەوە، چیرۆکێك کە هەرگیز کۆتایی نایەت.



گاڤێک پەپوولەکان خۆیان دەکوژن..

لاپەڕەی تاوان

# لە ژیانی هاوسەریەتی هەرەسی هێناو کەوتە پەلاماری ئافرەتێکی دیکە

مەریوان نەجمەددین

(ئیدریس) نەیتوانی سنوریٚ بۆ تێگەیشتن لەگەڵ هاوسەرەکەی و ریتمی خۆشەویستی لە نێوان خۆی و خێزانەکەی بدۆزێتەوە. ئەو پێش پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتیش، لاوێکی سەرەڕۆ پڕ کێشە و توندڕەو بوو، کاتێکیش ژیانی هاوسەریەتی پێکهێنا، نەیتوانی تێکەڵی ژیانێکی هێمن بیٚ و بەردەوام تورەیی و چەقۆ هاوڕێی بوون، بۆیەش لەو رەفتارە ئەهریمەنانە، پاش ئەو هەموو تێهەڵدانەی خێزانەکەی ، ناچاری کرد پاش ساڵ و نیوێك لەگەڵی جیاببێتەوە.

پاش جودابوونەوەش لەگەڵ هاوسەرەکەی، (ئیدریس) بەردەوام بوو لە ژیانی توندڕەویی و خۆویستی و شەڕانگێزی، هەر ئەمەش وایکرد تووشی تاوانێکی دیکەبێت. تاوانێك کە بریتی بوو لە دەست بەسەر داگرتنی ئافرەتێك و تێهەڵدان و بریندارکردنی (ئیدریس) لە ژیانی هاوسەریەتی هەرەسی هێنا، کە هێشتا تەمەنی (22) ساڵی بوو. بۆیەش گەڕایەوە نێو ژیانی سەڵتی و تەنیایی، ئەمەشیان پاش تێپەڕکردنی یەك ساڵ و نیو لە ژیانی هاوسەریەتی، کە پڕ بوو لە ناسۆری و ناخۆشی. دوابەدوای جیابوونەوەشی لەگەڵ هاوسەرەکەی، هەمدیس گەڕایەوە نێو ژیانی شەڕانگێزی، زۆربەی کاتەکانیشی لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر بەریٚ دەکرد، کە هاوشێوەی خۆی بوون لە مامەڵەکردنن بۆیەش (ئیدریس) لە نێو هاوڕێکانی بە (سەرۆکی گرووپ) ناوی دەرکردبوو. لەنێو ئەو پۆلە برادەرەشدا، شەوان خواردنەوەی کهول و ماددەی بێهۆشکەر، باشترین کاربوون بۆ بەرێکردنی شەوە تاریکەکان. شوێنی ئەو پۆلە برادەرەش لە شەوان (ماڵی ئیدریس) بوو. جگە لەمەش (ئیدریس) خاوەنی ئۆتۆمۆبێلێکی بچووکی مۆدێل کۆن بوو، کە باوکی بۆ رازیکردنی دڵی کوڕەکەی و بە بیانووی وازهێنان لە کارە ناشیرینەکانی بۆ کڕی بوو. بەڵام (ئیدریس) ئەو ئۆتۆمۆبێلەی بۆ پیاسە و هەڵگرتنی کچ و مەرامی سێکسی بەکاردەهێنا. زۆربەی کاتەکانیش لەگەڵ (عەلی)ی برادەری بە ئۆتۆمۆبێلەکە دەگەڕان.

یەکێك لەئێوارەکان (ئیدریس) لەگەڵ (عەلی) دەبێت و بەنێو شەقامەکان پیاسەدەکەن، لەو کاتە کچێك لەسەر شۆستە بە تەنها پیاسە دەکات، هەر چۆنێك بێت (ئیدریس) ئەو کچە رازی دەکات سواری ئۆتۆمۆبێلەکەی بێت. پاش کەمێك رۆیشتن بە ئۆتۆمبێل (عەلی) دابەزی و (ئیدریس) و کچەکە بەرەو چێشتخانەیەك دەچن بۆ نان خواردن، هەر لەویٚ یەکتری دەناسن و کچەکە (ئیدریس) ئاگاداردەکاتەوە کە بۆ کارکردن لە کۆمپانیایەکی ئەهلی رووی کردۆتە ئەو شارە و لەگەڵ خزمێکیان دەژی و هەندێك لە شەوەکان ناچێتەوە ماڵ، بەڵکو لە کۆمپانیا لەگەڵ برادەرە ئافرەتەکانی تری دەخەویٚ.

ئەو جۆرە قسانە، دەبنە هەلێك بۆ ئەوەی (ئیدریس) کچەکە بباتە ماڵەوە، هەر چۆنێك بێت کچەکە رازی دەبێت لەگەڵی بچێتە ماڵیٚ، پاش ئەوەی دەچنە ژوورەوە، دەست دەکەنە مومارەسەی سێکسی و (ئیدریس) دەزانیٚ کە ئەو ژنە و پاکیزەیی نەماوە، بۆیەش وەك ژن و مێرد مامەڵە دەکەن، کاتێکیش بەیانی دیٚ، (ئیدریس) ئافرەتەکە بە پارە ناچار دەکات لەگەڵی بمێنێتەوە، ئیدی (ئیدریس) دەچێتە دەریٚ و لە دەرەوەش دەرگا لەسەر ئافرەتەکە دادەخات و بەر لە رۆیشتنی ئاگاداری دەکاتەوە کە زوو دێتەوە، بەڵام (ئیدریس) بۆ ئێوارەیەکی درەنگ بە خۆی و دوو (بتلٚ بیرە) دەگەڕێتەوە، کاتێکیش دەرگا دەکاتەوە، ئافرەتەکە بەسەری هاواردەکات، کە دوا کەوتووە و بەخێرا دەچێتە دەریٚ، هەرچەندە (ئیدریس) هەوڵدەدات هێوری بکاتەوە، بەڵام ئافرەتەکە بە بیانووی ئەوەی کە جێی هێشتووە و سیٚ ژەمە نانی نەخواردووە، دەداتە توڕەبوون و هاوارکردن و هەوڵی چوونە دەرەوە دەدات. هەرچەندە (ئیدریس) دەیەویٚ بیگەڕێنێتەوە و دەرگاکانی بەسەر دادەخات، بەڵام ئافرەتەکە لە هاوارکردن بەردەوام دەبیٚ، بۆیەش دراوسێکان لەو هاوارکردنە ئاگاداردەبنەوە و پۆلیس ئاگاداردەکەنەوە. بەڵام بەر لە گەیشتنی پۆلیس، (ئیدریس) پارچە ئاسنێك دەکێشیٚ بەسەری ئافرەتەکەو، ئافرەتەکە دەبورێتەوە، لەو کاتانەش کە (ئیدریس) لەبەردەم تاوانەکەی حەپاساوە، پۆلیس دەگاتە سەری و دەستگیری دەکات..

ئافرەتەکەش بەرەو نەخۆشخانە دەبەن، پاش بەهۆش هاتنەوە و نەشتەرگەری ئافرەتەکە، دەردەکەویٚ کە ئافرەتەکە تووشی ئیفلیجی قاچ هاتووە.

سەبارەت بە (ئیدریس)یش، لەبەردەم دادوەران دان بە تاوانەکەی دەنێت و بە 15 ساڵ حوکم دەکریٚ، ئەمە جگە لە پێبژێرکردنی پارەیەکی زۆر لەبەرامبەر لێدان و بریندارکردن و گەندەڵی و دەست بەسەرداگرتنی ئافرەتەکە.



# گرفتی من..

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە لە کێشە و ناستەنگ و دیاردەگەلی جیاجیا بەدەرنیە، گرفت و ئاریشە کۆمەڵایەتیەکان لە زۆر لاوە رووبەرووی خێزانی کوردی بوونەتەوە، بەتایبەت گرفتەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی منداڵ وگەنج و ژنان و پێکهاتە جیاجیاکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری، ( گۆوار ) بەچاکی زانی دوو لە لاپەرەکانی خۆی بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە تەرخان بکات.. لەم رووەشەوە هەوڵدەدەین لە رێی پسپۆرانی پەیوەندار بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت پرسیارەکان وەڵامی پێویستیان هەبێت.

سروە کەریم مستەفا

*کێشەی من، کێشەی هەر ئافرەتێکی هەرزەکارە، کە رەنگە لە کاتێك لە کاتەکان تووشی بێ. ئەو کێشەیەش لەوەدایە کەمن بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك دەبێ بەندی خۆشەویستیم، ئەو خۆشەویستیەش بەردەوام ئەشکەنجەم دەدات، زۆر جارانیش هەوڵم داوە لێی دووربکەومەوە و لە خەیاڵی خۆمی ببەمە دەرێ، بەڵام نەمتوانیوە. لەگەڵ ئەوەش بەردەوام لەگەڵ ئەندامانیماڵەوەمدا لە هەڵچوون دام، هەست ئەکەم ئەو هەڵچوونەشم پەیوەندی بەو خۆشەویستیەوە هەبێ. بۆیەش زۆر جار بەتەنیا دەچمە ژوورەکەم و دەگریێم و بە بێتاقەتیەوە دەڵێم (ئەوە تەنها منم کەوتوومەتە نێو ئەو کێشەیە؟ ئایا من نەخۆشی دەروونیم نییە؟؟).. هاواردەکەم و دەگریێم. (خودایە من بۆ وام؟ من بۆ هێندە پەیوەستم بەو کەسەی کە خۆشم دەوێ؟ بۆ وا لەگەڵ خێزانم رەفتار دەکەم؟ ، بۆ... بۆ ؟)

–ئازیزم

تۆ پێت نەوتین لەکام تەمەن کەوتیە ناو خۆشەویستی و تەمەنت چەندە؟ پێشت نەوتووین ئەوی کە کەوتۆتە نێو ژیانت کێ یە؟ ئایا ئەو خۆشەویستیە یەك لایەنیە، یان ئەویش خۆشەویستی بە تۆ دەدات. ئایا لە تەمەن لە تۆ گەورەترە یان بچوکتر.. ئەی بۆ ئەو خۆشەویستیە هێندە ئەشکەنجەت دەدات. بۆ هێندە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت لە هەڵچوون دایت؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارانە، وامان لێدەکات زێتر بتوانین یارمەتیت بدەین.

بە هەر حاڵ، هەوڵ دەدەین بە هێندێك ئاخافتن بچینە نێو باسەکە، بەتایبەتی لەوکاتەی کە دەڵێیت (هەر بەتەنها من لەنێو ئەو حاڵەتەم) بەو هیوایەین بتوانین یارمەتیت بدەین.

بەڕاستی ئەوەی لە تۆ روودەدات کە کەوتوویتە نێو تەمەنی هەرزەکاری و کەس یارمەتی نەداوی،



هەرزەکاران لە نێو ئارەزووەکاندا دەبنە کۆیلەی عەشق..

کاتێکیش تووشی ئەو خۆشەویستیە بووی نەتدەزانی چی روودەدات و بۆ هێندە گرفتار بوویت. بەتایبەتی کاتێك دوو دڵیت لەوەی کە ئایا ئەو هەستە بەڕاستی خۆشەویستیە، یان هەستێکی هەڵەیە و پێویستە بەرگری لێبکەیت. ئێمە دەزانین کە ئەو پرسیارانە بەو شێوە روونە لە زەینی تۆ ئامادەیی نییە. راستیەکەش ئەگەر یەکێك ئاگاداری کردبایت لە سروشتی هەرزەکاری هێندە گرفتار نابوویت.

ئەو گۆڕانکاریە بایۆلۆجیە گەورانەی کە لە سەرەتای هەرزەکاری کەوتە نێوت، ئەقڵ و دەروون و سۆز و تەنانەت جەستەکەشی هەژاندوویت. ئەو گۆڕانکاریانەش تۆی لەمناڵەوە گۆڕیوە بۆ کەسێکی گەورەتر، کە هەرزەکار یان گەنجە. هەست کردنیشت بەو تەمەنە (وەك سروشتی هەرزەکاری) هەست دەکەیت پێویستیت بە خۆشەویستی و پەیوەندی سۆزدارییە، واتە هەمیشە لەو تەمەنە هەست بە بۆشایی دەکەیت، بەڵام کێشەکە لێرەدایە، کە ئایا چۆن ئەوبۆشاییە پڕ دەکەیتەوە.. بۆیەش پێویستە تۆ لەوە وشیاربیت کە ئایا ئەو خۆشەویستیەی تۆ لە بۆشاییەوە دروست نەبووە؟ ئایا ئەو کەسەی کە ئەو هەموو خۆشەویتیەی پێ دەبەخشی، شایستەی ئەو هەموو ئەشکەنجەیە؟ ئەی ئەگەر وانەبوو، چی؟

بەواتایەکی دیکە، لەو تەمەنە هاوتابوون لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر لەدایك دەبێ، بەڵام گرنگە بتوانیت سۆز کۆنترۆڵی عەقڵت نەکا، بۆیەش دەکرێ بەرسڤی پرسیارەکەتان بەوە بدەینەوە کە ئەو هاوتابوونە ئاساییە و

سروشتیه، بەڵام پسپۆڕانی بواری ئەو تەمەنە پێمان دەڵێن، کە ئەو هاوتابوونە ناگوازرێنەوە بۆ خۆشەویستیەکی لەناکاو، بەڵکو لەکاتی خۆیدا، پاش ئەوەی کە هەست دەکەن ئامادەن و دوورن لە بڕیاردانێکی بە پەلە و کاتی خۆی دێ.

بۆ ئەوەش کە لەو ئەشکەنجەیە دەربازت بێ، (ئەگەر بڕیارت داوە ئەو خۆشەویستیە جێ بهێڵی، بەڵام ناتوانیت)، وا چاکە هەوڵبدەی ئەو کوڕە نەبینی و بیریش لەو یادگاریانە مەکەوە، کە پەیوەندی بەو خۆشەویستیە هەیە، لە هەمووشیان گرنگتر، هەوڵ بدە لە کاتی بێ کاری و پڕ بۆشاییدا، خۆت بە خوێندنەوە و سەیرکردنی تەلەفزیۆن و وەرزش سەرقاڵبکەیت.

***من لاوێکی تەمەن 21 ساڵانەم، بە دەست هێندێ کێشە دەناڵێنم، کە لێرە بۆتان دەخەمە روو:**

**یەکەم/ توڕەبوونێکی زۆر، کە ئەمەشیان گەورەترین کێشەیە، کە زۆرجار هێندێك شت بێ ئەندازە توڕەم دەکا و ناچارم دەکا هێندێك هەڵسووکەتی شەڕانگێز ئامێز و وشەی ناشرین بەکاربهێنم، کاتێکیش لەو توڕەبوونە تەواو دەبم و دێمەوە هۆش خۆم، پەشیمانییەکی زۆر دامدەگرێ، زۆر جارانیش بڕیارم داوە توڕەنەبم و بێدەنگ بم، بەڵام بۆم نەکراوە و هێندێك جاریش کەوتوومەتە ئاستێك کە ئەوەی بەرامبەرم بکوژم.**

**دووەم/ خراپ تێگەیشتنم لە هەمبەر بەرامبەرم، واتە ناتوانم باوەڕ بە بەرامبەرم بکەم، ئەمەش وایکردووە تەنانەت خراپ لەوانەش تێبگەم کە نایانناسم. زۆرجاریش ئەو هەڵسوکەتەم برادەرە نزیکەکانمی لەمن دوورخستۆتەوە.**

**سێیەم/ بە پەلە بڕیار دەدەم و پاش کەمێك لە بڕیارەکە پەشیمانی دامدەگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم دیقەت بدەمە شتەکان و زاکیرەم زۆر خراپە و شتم زوو بیردەچێ، لەگەڵ ئەوەش هەمیشە نەفرەت لە خۆم دەکەم، کە من خراپم، بێئەندازە خراپم.. تکایە چارە؟**

-تۆ باوەڕ بە کەس ناکەیت، ئەوانەش کە لە دەوروبەرتن، وێنەیەکی وا لە خەیاڵی تۆ دروست بووە، کە باوەڕیان پێ نەکەیت، هەمیشە تۆ وا هەست ئەکەیت کە ئەوان وێنەی شەڕیان هەڵگرتووە، ئەمەش وادەکات کە تۆ لاوێکی توڕەو تووش بیت و هەمیشە لە باوەڕدان پێیان بترسیت، ئەو تووڕەبوونەش وات لێدەکات زۆرجار ببیە لاوێکی شەڕانگێز و خاوەن وشەی ناشیرین و (وەك خۆت وتەنی بیر لە کوشتنی بەرامبەر بکەیتەوە و توندوتیژ بیت).

لێرەشەوە گرنگە تۆ ئەوە بزانیت، کە هەمیشە هێزێکی



## توورِبوون، ناشیرینکردنی ژیان..

دوو جەمسەر هەیە، یەکێکیان خێرە و ئەوی دیکەیان شەڕە، ئەو حاڵەتەی تۆ بەلای شەڕ دادەکەوێ.

بۆیەش دەکرێ تۆ هەوڵ بدەیت بەلای خێردا بکەویتەوە، ئەگینا هەمیشە واتان لێدەکات هەست بە خراپە بکەیت و لە ناویشدا هەست بە فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بکەیت و ناچارت دەکات هەرگیز هەست بە پشووی دەروونی نەکەیت و تووشی دڵەڕاوکێ و باوەڕنەبوون بە خەڵك بیت. ئەمەش واتلێدەکات دیقەت لەدەست بدەیت و بیرکردنەوە و خەیاڵ و ئەزبەرکردنت خاوبێت. ئەگەر ئاخافتنیشت چارەسەر بکەیت، ئەوا دەبێت بڕیاربدەیت کە بەلای خێردا بشکێتەوە وهەوڵ بدە ئەوە بزانیت کە، مرۆڤ نە ئەهریمەنە و نە فریشتەیە، وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکە و هەمیشە هەوڵیش بدە یارمەتییان بدەیت. لەو کاتانەش کە هەست بە شەڕانگێزی دەکەیت، هەوڵ بدە پەشیمانیت بیربێتەوە و لە ناویشدا بەڵێن بدە خوا، یان ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێ، کە هەمیشە یارمەتی دەری برادەرەکانت بیت، چونکە باوەڕبوون بە خۆشەویستی ناچارت دەکات ڕقدار نەبیت و کەسیش ڕەت نەکەیتەوە.

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

بۆ ئاشنابوونی خوێنەران بە چەند بابەتێکی پەیوەندار بە سێکس و هەندێک پرسیاری شاراوەی پەیوەست بە ژیانی نێوان ژن و پیاو، (کۆوار) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بە کێشە سێکسیەکان دەداتەوەو ژێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە کۆمەڵێک راوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە، لەگەڵ سود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.

*** من، خێزانەکەم سکپڕە لە مانگی پێنجەمدا، ئایا جووتبوونمان هیچ کاریگەری لەسەر کۆرپەلەکە هەیە؟**

– لەکاتی گەیشتن بە لووتکەی چێژ مێشك و رژێنە کوێرەکان چەند هۆڕمۆنێك دەردەدەن، کەوا دەبنە هۆی گرژبوونی ماسولکەکانی منداڵدان، زۆر لەو ئافرەتانەش هەست بەوەدەکەن، کە جووتبوون لە مانگەکانی کۆتایی سکپڕی ژانی منداڵدان دروست دەکات، جگە لەوە ڕژاندنی ئاوی پیاو بۆ ناو ئەندامی مێینە لە کاتی جووتبووندا، دەبێتە هۆی زیاتر وروژاندنی منداڵدان، بۆیە دەتوانین بڵێین جووتبوون لە کاتی سکپڕی، دەبێتە هۆی لەدایکبوونی پێش وەختە (بەڵام، ئەمە تەنها لە چینێکی دیاریکراو لە ئافرەتاندا روودەدات)، زۆربەی ئافرەتان دەتوانن لە کاتی سکپڕی جووتبوون ئەنجام بدەن، بەبێ پەیدابوونی هیچ ژان و ئاڵۆزییەك، بەڵام پێویستە لەسەر ژن و مێرد زۆر ئاگاداربن، بەتایبەتی لە 3 مانگی کۆتایی سکپڕی، بۆیە پێویستە جووتبوون ئەنجام نەدرێ لەکاتی سکپڕی لەو ئافرەتانەی کە:

1–منداڵدانیان خاوەو پێشتریش تووشی لەبارچوون هاتوونە.

2–ملی منداڵدانیان ناڕێکە یاخود ئاسایی نییە.

3–وێلاش لە شوێنی ئاسایی خۆی نییە.

4–کۆرپەلە لە شوێنی ئاسایی خۆی نییە.

5–لەو ئافرەتانەی، کە سکپڕی زۆر و منداڵبوونی زۆریان بووەو داکشانی ملی منداڵدانیان هەیە.

بۆیە پێویستە کرداری جووتبوون، زۆر بە ئاگایی لە سێ مانگی یەکەم ئەنجام بدرێ و ژمارەی جووتبوونەکان کەم بکرێتەوەو لە دوو مانگی کۆتایی سکپڕی جووتبوون ئەنجام نەدرێت.

***ژن و مێردێك پرسیار لەوە دەکەن، کە ئایا هیچ شێوەیەکی دیاریکراو بۆ جووتبوون هەیە، کە ببێتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی سکپڕی؟**

–نەخێر، هیچ شێوەیەکی دیاریکراو نییە، کە ببێتە هۆی زیادکردنی ئاوی پیاو بۆ ئەندامی مێ، ئەوەی تێبینی دەکرێ هەندێك لە ئاوی پیاو دەڕژێتە دەرەوەی ئەندامی مێ، ئەمەش شتێکی سروشتیە و ڕێژەی ئەگەری سکپڕبوون کەم ناکاتەوە، بەڵام واباشترە پاش کرداری جووتبوون، ژنەکە زۆر نەچێتە سەر ئاو بۆ میزکردن و باشتریشە گەر میزڵدانی بەر لە جووتبوون بەتاڵ بکاتەوە، هەرچەندە دوای جووتبوون ئافرەتەکە هەست بە ئارەزووی میزکردن دەکات، بەڵام ئەمە لە ئەنجامی لێکخشاندنی دیواری میزەڕۆیە.

***من گەنجێکم، پێنج مانگە ژیانی هاوسەریەتیم پێکهێناوە، لە ساتەکانی یەکەمی هاوسەریەتیمدا هەستم دەکرد خێزانەکەم زۆر لەگەڵم گونجاوە و هەمان ئارەزوو و خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ دەکەین و ئەویش وەك من دەگەیشتە ئۆرگازم، ئەویش بڕوا و شادومانی زیاد دەکردم، بەڵام ئێستا لەم چەند هەفتەی دواییدا پێم دەڵێت، ئەو هەست بەمن ناکات و من توانای تێرکردنی ئارەزووەکانی ئەوم نییە، بۆ ئاگاداریتان ئەو ئێستا لە مانگی پێنجەمی سکپڕیە؟**



–گرفتەکەی تۆ پەیوەستە بە سکپڕی، پێت سەیر نەبێت کە ئەم گرفتەش لە سەرەتای مانگی یەکەمی سکپڕی روویداوە، چونکە ئەو هۆڕمۆنانەی لەکاتی سکپڕی دەردەدرێن کاریگەرییان لە کاتێك بۆ کاتێکی تر و لە ئافرەتێك بۆ ئافرەتێکی تر دەگۆڕێت.

ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر زۆر لایەنی سکپڕی هەیە، بەتایبەتیش پەیوەستە بە هاوسەرەکەی و ئارەزووی خۆی بۆ کاری سێکسی، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش زیاتر گرنگی بەدەست گەمەی بەر لە جووتبوون بدە و هەڵبدە ئەو بەر لەتۆ بگاتە ئۆرگازم و قسە و وتەی خۆشەویستی بۆ بکە، کە یەکەم جار بۆت دەکرد، گەر ئەمە سوودی نەبوو حاڵی ئەویش وەك خۆی مایەوە، ئەوا لەسەرت پێویستە تا هاوسەرەکەت منداڵەکەی دەبێت و ماوەی زەیستانی تەواو دەبێت، ئەوساتە دڵنیابە ژیانی سێکسیتان دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

***ئایا هیچ جیاوازیەك لە تەمەنی پیاو و ژن هەیە بۆ ئەگەری رووادنی سکپڕی؟**

–بەڵێ، چونکە ئەو ئافرەتەی تەمەنی لەسەروو 35 ساڵە، ڕێژەی سکپڕی کەم دەبێتەوە و ڕێژەی لەبارچوون زیاد دەبێت، گەر سکپڕیش روویدا، ڕێژەی ناڕێکی زگماکی زیاد دەبێت، بەڵام لە پیاوان بەشێوەیەکی گشتی توانای پیتاندن لە 60 ساڵ بەرەو ژوور کەم دەبێتەوە.

# ڤیاگرا، چەند یارمەتی پیاوان دەدات

ڕەنج عوسمان

ڤیاگرا بریتیە لەو حەبەی کە یارمەتی ( پیاو ) دەدات کاری سێکسی ئەنجام بدات، ئەمیش ئەو پیاوانە دەگرێتەوە، کە تووشی کەم توانایی سێکسی بوونە، واتە هیچ سوودی بۆ ئەو کەسانە نیە کە هیچ گرفتێکی لاوازی سێکسیان نیە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر لە گەنجان ڤیاگرا دەخۆن و هیچ ئەنجامێکیش بەدی ناکەن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان لاوازی سێکسیان نییە، بەڵکو ڕەنگە ساتێك لە ساتەکان کەم ئارەزوومەندی سێکسی بن، بەڵام ئەوان دەبێت ئەم ڕاستیە بزانن کە ڤیاگرا کاتێك کاریگەرە کە پیاو جەستەو مێشکی ئارەزووی سێکسی هەبێت و تەنها گرفتەکە لە ڕەپ بوونی ئەندامەکە بێت، چونکە ڤیاگرا ئارەزووی سێکسی زیاد ناکات، بەڵکو تەنها یارمەتیدەرە .

**بۆچی پیاوان ڤیاگرا بەکاردەهێنن ؟**

– یارمەتی زۆری ئەو پیاوانە دەدات، کە گرفتی ڕەپبوونیان هەیە.

– یارمەتی زۆری ئەو پیاوانە دەدات، کە مەبەستیانە ڕەپبوونەکەیان بەردەوام بێت بە درێژایی کاتی جووتبوون .

– لە کەمتر 14 خولەك، کاریگەری دیاردەکەوێت .

– هاوسەری پیاوان لە بەکارهێنانی ئەم حەبە لەلایەن مێردەکانیان مورتاحن .

– زۆر لەو پیاوانەی کە گرفتی ڕەپنەبوونیان هەیە، دەتوانرێت بەکار بهێنرێت، لە کاتێك کە گرفتی تریشیان هەبێت، جگە لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو نەبێت.

**چۆنیەتی کارکردنی ڤیاگرا :**

ناوی زانستی ڤیاگرا بریتیە لە سیلدەنافیل Sildenafil ، بەشێوەی حەب ( 50،25، 100 ملگم ) هەیە، حەبەکان ڕەنگ شینی شێوە ئەڵماسن، هەر شێوەیەکی تری ڤیاگرا ئەم ڕەنگ و شێوەی نەبێت ساختەیە، لە کاتی وروژاندنی ئارەزووی سێکسی ئۆکسیدی نایتریك دەڕژێتە ناو خانە ئەسفەنجیەکانی ئەندامی پیاو، کە دەبێتە هۆی چالاککردنی تەنزیمێك، ئەویش دەبێتە هۆی زیاد بەرهەمهێنانی تەنزیمی CGMP، ئەم ماددەیەش خانە ئەسفنجیەکانی ئەندامی پیاو خاودەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی هورووژمی خوێن بۆناو ئەندامەکە و ڕەقبوونی، تەنزیمێکی تایبەت کاری تێکشکاندنی CGMP یە، ئەمەش وادەکات کە ئەندامی پیاو لەگەڵ تێپەڕبوونی کات تواناى مانەوەی ڕەپبوونی نەمێنێت، ڤیاگرا ڕێگە لەو تەنزیمە دەگرێت، کە دەبێتە هۆی تێکشکانی CGMP، بەم شێوەیەش یارمەتی ڕەپبوون و مانەوەی ڕەپبوون دەدات . کێ بڕیار دەدات ڤیاگرا بەکاربهێنێ؟

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هەروەك کاری سێکسی



شەرمە، بەکارهێنانی هەر مادەیەکیش بۆئەم مەبەستە هەر بەشەرم دادەنرێت، بەتایبەتی کە کەمتوانایی سێکسی لای ئێمە بەرامبەرە بە نەمانی پیاوەتی، بۆیە بەکارهێنانی ئەم حەبەش بەشێوەیێکی نهێنی دەبێت، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم حەبە بەکاردەهێنن بێئاگان لە زیانە لاوەکیەکانی، کە ڕەنگە مەترسی لەسەر ژیانیان هەبێت، هەرچۆنێك بێت بەبێ پرسی پزیشك ئەم حەبە بەکار مەهێنە، بەڵام پێویستە ئاگاداربیت لەم بارانە بەکار نایەت.

1–ئەوکەسانەی حەبی ژێر زمان ( Angesid ) بەکار دەهێنن، بە هیچ شێوەیەك ناتوانن حەبی ڤیاگرا بەکار بهێنن، چونکە ئەم حەبە ماددەی نیتراتی تێدایە، هەر حەبێکی تر کە ماددەی نیتراتی تیدابێت لەگەڵ ڤیاگرا بەکارنایەت، وەك ئایزۆردیل Isordil .

2–نەخۆشییەکانی دڵ وەك سنك کوژی ( زبخە )، جەڵتەی دڵ، پەککەوتنی دڵ .

3–گرفتی خوێن وەك کەم خوێنی، لیوکیمیا .

4–هەوکردنی گەدە (قرحة المعدة ) .

5–هەستیاری بەرامبەر پێکهێاتەکانی ڤیاگرا .

6–نەخۆشی جەرگ و گورچیلە ( تەنها لە ژێر چاودێری پزیشك ) .

هەرگیز ڤیاگرا لە ڕۆژێك زیاتر بەکار مەهێنە و لەگەڵ پێکهاتەیەکی هاوتای ئەو بەکاری مەهێنە، گرفتەکانی ڤیاگرا هەروەك پێشتر باسمان کردن، ڤیاگرا لە لایەن ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێت، کە توانای سێکسیان کەم بۆتەوە و توانای ڕەپبوونیان نییە، هیچ سوودێکی بۆ ئەو کەسانە نیە گرفتی سێکسیان نییە، دەبێ ئەو کەسەش ئارەزووی سێکسی تێدا ببزوێت تائەم حەبە بەکار بهێنت و ماوەی 45–60 خولەك چاوەڕێ بکات، تا کاریگەری دەست پێ بکات، ئەگەر لەدوای خواردنی ڤیاگرا و لە میانەی جووتبوون تووشی ئازاری سنگ، گێژبوون یان هەر تێکچوونێکی تر بوویت، ئەوا بە زووترین کات سەردانی پزیشك بکە .

**زیانە لاوەکیەکانی ڤیاگرا :**

1–ڕەپبوونی بەردەوام، ڤیاگرا توانای مانەوەی ڕەپبوونی بۆ4 کاتژمێر هەیە، بەڵام گەر لەو ماوەیە تێپەڕبوو سەردانی پزیشك بکە، لە دووبارە بەکار هێنانەوەی .

2–دابەزینی فشاری خوێنی مەترسیدار .

3–جەڵتەی دڵ .

4–ناڕێکی لێدانی سکوڵەکان ( مەترسیدارە ).

5–مردنی کتوپڕ .

6–نۆرەی دڵ .

7–جەڵتەی دەماغ .

8–زیادبوونی فشاری چاو و کوێر بوونی لە ناکاو .

ئایە ئەم گرفتانە بەس نیین، تا بەرلەوەی بڕیاری بەکارهێنانی ڤیاگرا بدەیت سەردانی پزیشك بکەیت؟

# ئەو ڕۆشنبیرییەی فەرامۆشکراوە!

یاسین برایم

لە سەردەمی شارستانیەت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا، هەر شتێك سوودی بۆ مرۆڤ هەبێت، دەبێتە بابەتێکی زیندوو بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن بە مەبەستی زیاتر ناساندن و شارەزابوون و چۆنیەتی بەکارهێنانی، تا بەشێوەیەکی زانستی سوودەکان بۆ مرۆڤ دەربکەون، بەمەش ناوەستیٚ تا زیانەکانیشی روون دەکاتەوە. بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بتوانیٚ لە ژیانێکی تەندروست و ئاسوودە و بەختەوەر بژێت، کەسانی شارەزاو پسپۆر بەردەوام لە کارکردن و توێژینەوەی نوێدان.. بۆیە هەر جۆرە مامەڵەکردنێکی بەم چەشنە زانستیانەیە. ناکرێت چیتر خۆمان بێبەش بکەین لە ڕۆشنبیری و زانستی نوێدا. دیارە زانستیش ئەو هەندە بەرفرەیە سەدان سەرچاوە و لقی لێدەبێتەوە، کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیا ناسراون، بیٚ ئەوەی ئێمە لەگەڵ کایەکانی تر تێکەڵیان بکەین.. سەدان و هەزاران کۆلێژ و زانکۆ و پەیمانگای تایبەت کراونەتەوەو لقە زانستیەکان و پسپۆر و شارەزاو بیرمەندی خۆی هەیە.. ڕەنگە ناساندن و باسکردنی جەستەی مرۆڤیش بایەخ و گرنگی وەك هەموو زانستەکان بێت، کە لەدێر زەمانیشەوە قسەو باسی لە سەر کراوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر (ڕۆشنبیری سێکسی)یە. بەداخەوە لە ولاتە بیٚ نازەکەی ئێمە فەرامۆش کراوە، یان بە چاوێکی قێزەون و سووك و ناشیرین سەیری دەکرێت، لەوانەیە ئەمەش زیاتر کاریگەری بە هۆی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و ئایینی و تەندروستی و پەروەردەیی نێو کۆمەڵگای ئێمەوە بێت، یاخود باس کردنی ئەم ڕۆشنبیرییە لای ئێمە شەرم و ئابڕووچوون و ترس لەخۆبگرێت، ئەم تێڕوانینە زیان بە ئێمە دەگەیەنێت و تووشی سەدان کێشەو گیروگرفتمان دەکات. ڕەنگە زۆر جار ئێمە لە قۆناغی منداڵیدا لە نێو خێزانەکانمان لە ئەنجامی ناوهێنانی یەکێك لە ئەندامی زاوزێی ( پیاو – ژن ) لێدان و زللەمان خواردبێت، بۆیە بەلامانەوە ئێستاش(بڤە)یەکی گەورەیە. دیارە هەر ئەم شەرمەو پەروەردە خوارو سەقەتەیە، تەنانەت تازانکۆش تەواو دەکرێت بابەتێك لە پرۆگرامەکانی خوێندن نیە، شتێکمان دەربارەی ئەندامەکانی خۆمان پیٚ ئاشنا بکات .. ئاخر بۆچی زانینی ئەمە تاوان و لە ریٚ لێدان و بەدڕەوشتیی بێت، خۆ تا دەگەینە قۆناغی فراژوو بوون، ئەمە پەروەردەی ئێمەیە.. کاتیٚ هەر گۆڕانێك لە ڕووی گەشەی جەستی و فیسیۆلۆژی ڕوو دەدات هەست بە ترس و تاوان و خەم و ئازاری دەروونی دەکەین.

لەم بارەیەوە دکتۆرە ( نوال السعداوی ) گەلێك نموونەی زیندوو لە کۆمەڵگای میسر دەخاتە ڕوو .. ئەمەش لە سەر کۆمەڵگای ئێمە بیٚ جیاوازییە و بە هەمان شێوە بوونی هەیە .. ئەو باس لەوە دەکات، کە چۆن کچان یەکەمجار تووشی حاڵەتی سووڕی مانگانە ( العادە الشهریە ) دەبن، چۆن دەگرییێن و دەترسێن، یان هەست بە تاوان و شەرمەزاری دەکەن، یان چۆن بە پەلە خۆیان دەگەیەننە لای پزیشك بۆ چارەسەر کردن، وا دەزانن جەستەیان تووشی کارەساتێکی گەورە هاتووە. ئەمەش پێویست دەکات گرنگی زیاتر بە ڕۆشنبیری و زانستی سێکسۆلۆژی بدرێت، چونکە ئەمە کارەساتێکی گەورەترو زیان بەخشترە، بەلاّم ئەمڕۆ گۆڤارو کتێب و سەرچاوەی بە سوود لە بارەی ڕۆشنبیریی سێکسی هەن و پزیشك و پسپۆرو شارەزای باش هەن، دەتوانین سوودو زانیارییان لیٚ وەربگرین، هەر پرسیارو زانست و زانیاری تۆ مەبەستت بێت بە دەستت دەکەوێت و بە شێوەیەکی تەندروست فێری دەبی، بەمەش دەتوانیت بە ماوەیەکی کەم زانیارییەکی زۆرت دەست بکەوێت و دوو دڵی و خەم و ئازارو گومان و هەڵەی نابەجیٚ دوورت بخاتەوە.

لە سالاّنی هەشتاکان گۆڤاری ( حیاتنا الجنسیە ) لە بەیروت دەردەچوو، گرنگیەکی زۆری بە ڕۆشنبیری سێکسی دەداو هەر پرسیارێکت هەبوایە لە لایەن پزیشك و پسپۆری تایبەتمەند بە شێوەیەکی زانستی وەلاّمت دەدرایەوە، تا وای لێهات شتی شاراوە نەمێنیٚ و هەموو بخرێتە سەر پانیەی دەست. لە هەموو ولاّتە عەرەبیەکانیش ژمارەیەکی زۆر خوێنەر لە دەوری ئەم گۆڤارە کۆبووبوونەوە، ئەگەرچی هەندێك لە مەلاو شێخ و زانا ئاینییەکان ڕەخنەی زۆریان لیٚ دەگرت و بە سەرچاوەی بەد ڕەوشتیان لەقەڵەم دەدا. لە عێراقیش خوێنەرێکی زۆری هەبوو، تا دواجار سەدامی دیکتاتۆر بڕیاری قەدەغە کردنی لە سەرتاسەری عێراقدا و هەر کەسێك لێی ئاشکرا بوایە، تووشی گەورەترین سزا دەبووەوە، تەنها شارە کوردیەکان، هەولێرو سلێمانی و دهۆك نەبێت.. جا سەیری بیرۆکە چەوت و گلاّوەکەی سەدام بکەن. بۆ چ مەبەستێك ئەم بڕیارەی دەرکرد، خوێنەری زیرەك دەزانێت وەلاّمەکەی چۆنە و بۆچی بووە ؟!.

ناکرێت لە سەردەمی ئەمڕۆی زانست و تەکنەلۆژیا، ئەم ڕۆشنبیریە فەرامۆش بکەین، ناکرێت چیتر کۆمەڵگا بە هەڵە شتەکان وەربگرێت و شەرم و کەمتەرخەمی خۆمان ببێتە زیان گەیاندن بە تەندروستی جەستەمان. ڕەنگە زۆر جار ئەندامێکی زاوزێی (پیاو – ژن) تووشی نەخۆشییەك ببێت، بەلاّم خودی خۆمان جەستەمان دەکەینە بەندەی نەخۆشییەکە و بەدوای هیچ چارەسەرییەکدا ناگەڕێین. بێگومان بێدەنگی و فەرامۆش کردنی ئەم بابەتە زیانێکی زیاترمان پێدەگەیێنێت. لەم ڕووەوە دەیان نموونە لەبەردەم ئێمە ئامادەن، پیاوێك بە دەم ئازاری میزکردن دەناڵێنێت، ژنێك تووشی ئازاری مەمك و منداڵدان، یان ناتەواوی سووڕی مانگانە و دەیان نەخۆشی هاتووە، کەچی بیٚ دەنگی لێدەکریٚ. بەخۆمان نازانین کە کەم تەرخەمی و بیٚ ئاگایی کارەساتێکی چەندە گەورەی کۆمەڵایەتی خولْقاندووە، شیرازەی هاوسەریەتی چەندین خێزانی تێکداوە. نموونەش سەدان ئافرەت تەلاّق دراون، چونکە منالّیان نەبووە و بە نەزۆك مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و هۆکارەکەیان خستۆتە ملی ئافرەت، کەچی زانستی تەندروستی زۆر جار سەلماندویەتی کە پیاوەکە هۆکاری سەرەکییەتی. هەموو ئەم گرفتانە لای پزیشك یەکلایدەکرێنەوە، جێی خۆیەتی بۆ هەر نەخۆشییەك، کە تووشی جەستەمان و ئەندامەکانمان دەبێت، روو لە چارەسەرکردن بکەین، کە لەلایەن پزیشك ئاسانە ئەگەر ئێمە کەمتەرخەمی نەکەین. دەکرێت شارەزاییەکی تەواو لە ڕۆشنبیری سێکسی وەربگرین، بۆ ئەوەی هەردوو ڕەگەز بتوانن، زانستیانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و شتە شاراوە و هەڵەکان روون ببنەوە.